# پەیامبەرەکەت




# بناسە

# مافی له چاپدانەوەی بۆ هەموو موسڵمانێکە


ناوی کتێب: پەیامبەرەکەت ﷺ بناسە.
نوسەر: مامۆستا علی خان.
نوسینەوەی: سایتی بەهەشت.
دیزاینی ناوەوە: ba8.org، ali-xan.com
نۆرە وساڵی چاپ: حەوتەم ١٤٤٢ - ٢٠٢٠
شوێنی چاپ: ئێران.
تیراژ: ٥٠٠٠ دانە
ژمارەی سپاردن: (٨٧٩) ساڵی (٢٠٠٦)ی کتێبخانە گشتیەکانی پێدراوە.

سەرپەرشتیاری چاپ
www.ba8.org

بەرهەمی سایتی
www.ali-xan.com

mamostaalixan
mamostaalixan
ALIMALIXAN
alixanali
mamostaalixan
m-alixan

# پەیامبەرەکەت

# محمد صلى الله عليه وسلم

# بناسە


ئامادەکردنی

عَلِي خَان



چاپی حەوتەم

پوخت وبۆ زیادکراوە

لەسەر ئەرکی خێرخوازان لە چاپدراوە

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی چاپی حەوتەم

ستایش بۆ ئەو خوایەی هەر ئەو شایستەی ستایشی کامڵ وتەواوە، درووود وصەڵات ورەحمەت وسەلام بۆ ئەو موحەممەدەی لە کەماڵێتیدا بە پەیامبەر کراوە وبۆ بەندەکان ڕەوانەکراوە.

دوای ئەوە:

**خوێنەری هێژا:** دوا بە دوای سوکایەتیەکانی فەرەنسا بەرانبەر بە پەیامبەرمان ﷺ، وپشتگیریکردنی ئەو هەنگاوەش لەلایەن حکومەتی فەرەنسا وسەرۆکەکەیەوە، هەروەها هێرشی بەردەوامی ئەم دواییەیان بۆ سەر ئیسلام وموسڵمانان -دوای هەست کردنیان بە زۆر بوونی موسڵمانان وزوو تەشەنەکردنیان-، هەندێك لە بەڕێزان داوایان کرد ئەم کتێبە پێداچوونەوە بکەم بە مەبەستی لە چاپدانەوەی بە تیراژی پێنج هەزار بۆ دە هەزار نوسخە وەك کەمترین بەرگری وپشتگیری وسەرخستنێك بۆ پەیامبەرەکەمان، وبە جێگەیاندنی کەمترین مافی وی بە سەرمانەوە، بەندەش پێداچوونەوەم کرد وهەندێکم بۆ زیاد کرد بە تایبەت لە باسی موعجیزەکانی پەیامبەردا ﷺ، لەگەڵ شێواز ورووخسار وسیفەت ورەوشتەکانی...

داواكـــارم لـــه خـــوای گـــەورە ڕەوشـــتمان وەك ڕەوشـــتی وی ﷺ لێ بكات ولەگەڵیدا لە بەهەشـتە بەرزەكانـدا لەگـەڵ سەرجەم پەیامبەران ویـاران وشـەهیدان وپیـاو چـاكان وڕاسـتگۆیان كۆمان بكاتەوە... ئامین.

داماوی لێبووردەیی خوا

عَلِي خَان

مزگەوتی قازی موحەممەد رحمه الله

١٢ی ڕەبیعولئەووەڵی ١٤٤٢

كەلار - گەڕەكی سیروان

٠٠٩٦٤٧٧٠١٢٣٤١٥٧

info@ali-xan.com

# پێشەكی

لك الحمد يا رب العالمين حمدًا يليق بك، وأثني عليك الخير كله، أشكرك ولا أكفرك، وأخلع من يكفرك ويستهزئ بنبيك، وصلاتك وسلامك الدائمان الأتمان الأكملان على خير خلقك نبينا وسيدنا وقرة عيننا محمد، وعلى آله وأصحابه وأتباعه وأحبابه إلى يوم الدين، أما بعد:

سوپاس وستایش بۆ ئەو خوایەی كە بە پەیامبەرەكەی ﷺ ڕێگای ڕۆشنایی وئیمانی بۆ ڕوون كردینەوە، لە تاریكی وچەپەڵی گومڕایی ئاگاداری كردینەوە، شایەتی ئەدەم كە هیچ پەرستراوێك بە هەق شایستەی پەرستن نییە جگە لە خوا نەبێت، هەر ئەو شایستەی پەرستن وبە تەنها ڕاگرتن وڕوولێكردن وهاوارپێكردنە، هەر شەریعەتەكەشی شایستەی حوكمپێكردن وكارپێكردنە.

درود وسەلات وسەلام وڕەحمەتیش لەسەر پەیامبەری هەڵبژێردراو، بە ڕەحمەت بۆ هەموو جیهان نێردراو. شایەتی ئەدەم كەوا محمد ﷺ، پەیامبەر ونێردار وڕەوانەكراوی خوایە، خۆشەویستمان، نوری چاومان، سەرداری ئەمەكداران، بەجوانی بە ئەركەكەی هەستا،

بە بێ وچان، بە بێ وەستان، بانگەوازەکەی گەیان[1]، خەڵکی لە خەو هەستان، خوای گەورە ڕەوانەی کرد لە بۆ سەرجەمی گەلان، عەرەبیان وعەجەمیان، ڕەشیان وسپیان، تا ئەوەبوو نەزانی فێرکرد، چەوتی ڕاستەوە کرد، پیسی پاکەوە کرد، لێڵی ڕوونەوە کرد، تاریکی ڕۆشنەوە کرد، غەم وخەفەت وپەژارە وناڕەحەتی ونەهامەتی ومەینەتی لابرد -بە نەفس وڕوح ومالّ وسامان ودایك وباوکمەوە بە قوربانی بم-.

سەڵات وسەلام لەسەر خانەوادە پاکەکانی، کەسوکارە بەڕێزەکانی، هاوەڵە بە ئەمەکەکانی، سەرجەم شوێنکەوتوەکانی، خۆشەویستانی، تا ڕۆژی دوایی. دوای ئەوە:

**خوێنەری بەڕێز:** بزانە، کە باشترین شتێك لەو شتانەی کاتی تێدا سەرف بکرێت وتوانای تێدا بە گڕ بخرێت، بریتیە لە دیراسەکردنی سیرەی گوڵاوی پەیامبەری بەڕێزمان ﷺ، وڕۆژگارە نەمر وهەمیشە زیندووەکانی. چونکە خوێنەر ولێکۆڵەر وا لێدەکات هەست بە هاودەمی وهاوچەرخی ئەو سەردەمەیە بکات، وا بزانێت لەگەڵیاندا دەژیەت ولەگەڵ ڕووداوەکاندا تێکەڵ دەبێت.

---

(١) کوتکراوەی بەکارهێنراوی: «گەیاند»ە.

هەر لە سیرەدا مرۆڤی موسڵمان شارەزای چەندەها لایەنی ژیانی پەیامبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەبێت، هەڵسوکەوتی، چوون وهاتنی، ژیان وگوزەرانی، وشێوازی بانگەوازی، لە شەڕدا، لە ئاشتیدا، لە خۆشیدا لە ناخۆشیدا... هتد.

موسڵمان شارەزای خاڵە لاواز وبەهێزەکان دەبێت، لە هۆکارەکانی سەرکەوتن ودۆڕان تێدەگات، فێری چۆنێتی هەڵس وکەوت لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەبێت -هەر چەند گەورەش بن-.

لێکۆڵینەوە لە سیرەتی موبارەك وبۆن خۆشی، وا لە موسڵمان دەکات بڕوای بە خۆی تازە ببێتەوە، ورەی بەرز ببێتەوە، ئومێدی زیاد بکات، دڵنیا دەبێت لە ئەوەی خوای گەورە هەموو کاتێك وهەموو دەمێك وهەمیشە پشتگیر وسەرخەریەتی، بەڵام بە مەرجێك بە ڕاستی وپوختی هەستێت بە ئەرکی سەر شانی لە پەرستن وهەڵس وکەوتکردن وملکەچبوون بۆ فەرمانەکانی خوا وپەیامبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.

**جا خوێنەری سەنگین...** ئەم نامیلکەیەی بەردەستت، بریتیە لە چەند سەر دێڕێك لە بارەی ژیان وکەسایەتی پەیامبەری

خۆشەویستمان ﷺ، بە هیوای لێکۆڵینەوەی گەورەتر وقوڵتر لە بارەی ژیانی پەیامبەرەوە ﷺ (٢).

### بەگشتی نامیلەکەکە کراوە بە سێ بەشەوە:

**بەشی یەکەم:** لە پێشەکیەك پێکهاتووە، لە بارەی: گوێڕایەڵی خوا وپەیامبەر، کە هەردووکیان هاوشانی یەکترن، هەروەها: قورئان بە تەنها بەس نیە وئەبێت هاوڕێکەشی کاری پێ بکرێت کە سوننەتە. لەگەڵ چەندین مژدەی قورئانی کە باس لە ئەوە دەکەن سەرەنجام هەر بۆ پەیامبەران وشوێنکەوتوانیانە.

**بەشی دووەم:** مەزنی وگەورەیی وپایەداری پەیامبەرمان ﷺ ڕوونکردۆتەوە، خوای مەزن چۆن ڕێزی لێگرتووە، وتاریفی کردوە، وستایشی کردوە؟! هەر لەم بەشەشدا هەندێك لە مافەکانی پەیامبەرمان ﷺ باسکردوە بە سەرمانەوە.

**بەشی سێیەم:** کورتەیەکمان لە بارەی ژیانی پەیامبەرەوە ﷺ باسکردووە، لە ناو وردەچەڵەکی وخێزانەکانی ومناڵەکانی وهەندێك لە لایەنەکانی تری ژیانی، کە ئەبێت هەموو

---

(٢) پاشان خوای گەورە فەزڵی بەخشی -داوای زیاتریش دەکەین لە فەزڵی فراوانی خۆی- کتێبێکمان نووسی لە نێوان کورتبڕی ودرێژا دڕی، بە ناونیشانی: «**چرای ڕوناك لە سیرەتی پەیامبەری ڕاستگۆی دەستپاك**» کە تەواو بووە وداخلی کۆمپیوتەر کراوە زۆربەی، خوای مەزن بەرەکەتداری بکا.

موسڵمانێك ئەو زانیاریە سەرەتاییانەی لە بـارەی پەیامبەرەکەیــەوە صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەبێت.

خۆ هەر هەق وصەوابێکی تێدابوو، ئەوە بێگومان لە خوای پاك وپیرۆزەوەیە، هەر هەڵە وکورتیەکیشــی تێـدابوو -کـە تێشــیدایە-، ئــەوە لــە خـۆم وشــەیتانەوەیە، ڕەحمــەتی خـوا جَلَّ جَلَالُهُ لــەوە بێـت کـە هەڵەکانمان بە دیاری بۆ دەنێرێت.

# بەشی یەکەم

- سەرکەوتن بۆ شوێنکەوتوانی پەیامبەرە ﷺ.
- گوێڕایەڵی خوا وپەیامبەر هاوشانی یەکترن.

# بەشی یەکەم

## سەرکەوتن بۆ شوێنکەوتوانی پەیامبەرە صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ.

وەڵامی ئەو پرسیارەی کە زۆرجار ئاراستە دەکرێت: تاکەی ئیسلام ئاوها زەلیل بێت؟! بۆ سەرناکەوین؟! وکەی؟!

**وەڵامەکەی ئەوەیە:** بێگومان سەردەکەوین، بەڵام، بە مەرجێك بە ڕاستی هەستین بە ئەرکی سەرشانمان لە پەرستن وهەڵس وکەوت کردن وملکەچ بوون بۆ فەرمانەکانی خوا وپەیامبەرەکەی صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ.

## چەند مژدەیەك لە قورئانەوە کەوا سەرکەوتن هەر بۆ ئیسلامە

خوای پەروەردگار لە چەندین ئایەتدا باسی ئەوە ئەکات کە پەیامبەران عَلَيۡهِمُٱلسَّلَامُ وشوێنکەوتوە ڕاستەقینەکانیان سەردەخات، عاقیبەت وسەرەنجامیش هەر بۆ بڕواداران وپیاو چاکان وتەقواکاران دەبێت.

جا کەسیش لە خوای مەزن ڕاستگۆتر نییە، کە بەڵێنێکی پێداین بە جێی دێنێت، بە مەرجێك ئێمەش مەرجی سەرکەوتنەکە بە جێ بهێنین.

* بۆ نموونە ئەفـەرمویٚ: ﴿وَلَقَدۡ كَتَبۡنَا فِي ٱلزَّبُورِ مِنۢ بَعۡدِ ٱلذِّكۡرِ أَنَّ ٱلۡأَرۡضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ ٱلصَّٰلِحُونَ ١٠٥﴾ [الأنبياء]. «سـویٚند بـەخوا بێگومـان ئێمـە نووسیومانە لە کتێبی زەبووری داووددا، لە دوای نووسینی لە «لـوح المحفوظ»دا، کە بەڕاستی بەنـدە چـاك وپاکـەکانم دەبنـە میراتگـر خاوەنی سەر زەوی».

بەڵام خوای توانا ودانا کاتێـك ئەفـەرموێت: «ئێمـە ئیمانـداران سەردەخەین»، لە هەموو شوێنەکانی قورئاندا ئەوەی بە مـەرجگرتووە کـە ئـەبێت بـاوەڕدار خـوا ﷻ سـەربخات وشـوێنی پەیامبەرەکـەی ﷺ بکەوێت.

* هەروەها ئەفـەرمویٚ: ﴿إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا وَيَوۡمَ يَقُومُ ٱلۡأَشۡهَٰدُ ٥١﴾ [غافر]. «بەڕاستی ئێمە پەیامبـەران وئەوانـەش کـە باوەڕیان پیٚ هێناون سەرکەوتوو دەکەین، هەم لە ژیانی دونیادا، هەم لە قیامەتیشدا، لەو ڕۆژەی کە شایەتەکان هەڵدەستنەوە».

- مەرجەکە لەم ئایەتەدا: ﴿ءَامَنُواْ﴾ ئیمانیش هەر بە دەم نیە.

* هەروەك ئەفەرمویٚ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَنصُرُواْ ٱللَّهَ يَنصُرۡكُمۡ وَيُثَبِّتۡ أَقۡدَامَكُمۡ ٧﴾ [محمد]. «ئەی ئەو کەسـانەی باوەڕتـان هێنـاوە ئەگـەر ئێـوە خـوا سبحانە سەربخەن، ئـەوا خـواش جـل جلالـە ئێـوە سـەردەخا وپـیٚ چەسپاوتان ئەکا وسەرکەوتووتان ئەکات».

- مەرجەکــە لــەم ئایەتــەدا: ﴿إِن تَنصُرُواْ ٱللَّهَ﴾ «ئەگــەر خــوا ﷻ سەربخەن».

* هەروەها ئەفــەرمویێت: ﴿وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ ﴿٤٠﴾﴾ [الحج]. «بێگومــان خــوا ئــەو کەســانە ســەر دەخــات کــە خــوا سەردەخەن، بە ڕاستی خوا زۆر بە هێز وباڵادەستە».

- مەرجەکە لەم ئایەتەدا: ﴿مَن يَنصُرُهُۥٓ﴾ کە خوا سەردەخەن.

جا بۆ ئەوەی دیسانەوە ببینەوە بــە ســەرداری دونیــا، وهــەموو مرۆڤایەتی لە ژێر سایە وســێبەری پــڕ دادی ئیســلامدا بحەســێتەوە، پێویستە خوا ﷻ وپەیامبەرەکەی ﷺ سەربخەین.

سەرخســتنی خــوا ﷻ وپەیامبەرەکەشــی ﷺ بــە سەرخستنی ئەو ئیسلامە بەرزە دەبێــت، ئەگــەرنا خــوای باڵادەســت پێویستی بە سەرخستنی کەس نییــە، کــە سەرخســتنی ئاینەکەشــی خستۆتە ئەستۆی بەندەکانیــەوە، لەبــەر بــێ توانــایی خــۆی نــەبووە؛ هــەموو کارێــك لای تــەنها بــە ببەیــەك دەبێــت، بــەڵکو لــە بــۆ تاقیکردنەوەی بەندەکانیەتی تا ڕاستگۆ ودرۆزن وپاك وپیس وبڕوادار ومونافیق لە یەکتر جیا بکاتەوە.

## بۆ زۆر دژایەتی جەنابی رسول الله صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ دەکری؟!

لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆماندا کـە لـە ڕۆژهـەڵات ورۆژئـاواوە، لـە کوردسـتان وعـەرەبسـتان وعـەجەمسـتانەوە، قسـە بـە خۆشەویسـت دەگـوترێ وگاڵــتە بـە جـەنابی موبـارەکی دەکرێـت، ڕۆژێـك لـەو گۆڤارەکە گاڵتەی پێ دەکرێت، ڕۆژێك لـەو ڕۆژنامەکـە دەیکـەن بـە تیرۆریست، ڕۆژێك لە تەلەفزیۆنـەوە بـە زۆردار وخوێنمـژ وصـەددام دەشوبهێندرێت[٣].

---

(٣) بە داخەوە ئەمەش لە هەندێك کەناڵی کوردیەوە وبـە جلوبـەرگێکی کوردیـەوە وترا! جا هەندێك لەو کوردە هەڵە تێگەیشتوون کـە وادەزانـن ئـازادی وکامـەرانی لـە وازهێنانە لە ئیسلام وباوەش کردنەوەیە بۆ کوفر وبێ باوەڕان! لە کاتێکدا ئـەوە سـەدە ونیوێکە -تەقریبەن- کورد هەوڵ دەدات، کەچی بستێك دەوڵەتیان بـۆ کـورد دروسـت نەکردوە بە ئەوانەشەوە کە کورد بە دڵسـۆزیان دەزانێـت وەك فەرەنسـا وبراکـانی کـە ناوزەد دەکرێن بە دۆستی کورد! کەچی ئەم کوردە هەر ئاوارە وشار بـە دەر وبـێ مـاڵ وحاڵ بووە!

مەبەستتان ئەو فەرەنسـایەیە کـە لەگـەڵ بریتانیـادا، بـۆ لاوازکـردن وڕووخانـدنی یەکجارەکی خیلافـەتی عوسمـانی، ڕۆیشـتن پەیماننامـەی سـیڤەریان بەسـت وبـەڵێنی دەوڵەتی کوردیاندا، بۆ ئەوەی جەرگی خیلافەت هەر بە زیندوویەتی دەربهێـنن، بـەلاّم کە کەمال ئەتاتورکی عەلمانی بەڵێنیدا خیلافەتیان بۆ بڕووخێنێت، وەهەر هێزێکیش بـۆ هەستانەوەی عەوزەڵی کردەوە کپی بکاتەوە، وئیسلام نامۆ بکاتەوە لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاّتی خۆیاندا، بەو مەرجـەی زۆربـەی ناوچـە کوردسـتانیەکانی ژێـر دەسـەلاّتیان وهاوشێوەکانی لە دەوڵەتە میراتگرەی خیلافەتی عوسمانی دانـەبڕن، ئـەوانیش پـەیمانی پێشوویان شکاند وپەیمانی لۆزانیان ئیمزاکرد لـە ١٩٢٣، کـە هێشـتا سـێ سـاڵ بـوو پەیمانەکەی پێشتریان ئیمزاکردبوو، وەك ئەوەی بڵێن: کاکە ئێمە بـەڵێنی دەوڵـەتێکمان دا بە کورد، لەبەر خاتری چاوی کاڵی ئەوان نەبوو، بەڵکو لـە دژی ئیسـلام ودەوڵـەتی خیلافەت بوو، مادام ئەتاتوورك ڕێ دوورەکەمان بۆ نزیـك دەکاتـەوە، بـا شـەقێك لـە

زۆر کەس سەیری دێت، ئەڵێت: باشە بۆ ئەبێت ئاوها لە ناوەوە ودەرەوە، سوکایەتی بەو خۆشەویستە بکرێت! نە ڕۆژێکە ونە دووان! نە کەسێکە نە دووان؟!

ئەڵێم: چونکە مشت ومڕی نێوان هەق وناهەق، کۆنە بە کۆنێتی هاتنی نوح، بەڵکو هەر بە دروستبوونی ئادەم ئیتر ئەو دوژمنایەتیە دەستی پێکردووە، دوو بەرە دروست بوون: دۆستانی خوا ودۆستانی شەیتان -خوای مەزن بە فەزڵی لە دۆستانی خۆمان بگێڕێت-.

ئەگەریش بتەوێت بە خۆپیشاندان وئاڵا سوتاندن سەرکەوتن بە دەست بێنی، ئەمە لەو ڕێگایانە نیە شەرع داینابێت بۆ سەرکەوتن. وهەرگیزیش بە ڕێگای ڕۆژئاواییەکان دینی خوا ناگەڕێتەوە، دینەکەی خوا بەوە دەگەڕێتەوە کە خۆی دایناوە.

---

کورد هەڵبدەین. خوا ستەمکارێکیان بۆ بنێرێت وشەقی لە ئەوە قایمتریان تێهەڵبدات. هەر واش بوو هیتلەر ئەو شەقە ڕەقە بوو.

جا پێویستە هەموو کورد بزانێت فەرەنسای عەلمانی وئەتاتورکی عەلمانی نەیانهێشت دەوڵەتی کوردستانی گەورە دروست ببێت وڕاپرسیەکەی ویلایەتەکانی موصڵ ودەوروبەری لە گۆڕ بنرێت. ئەی خۆ موسڵمانان وسوڵتان عەبدولحەمید هەر نەبوون -بە ڕەحمەت بێت- ئەو لەو کاتەدا ئەسڵەن وەفاتی کردبوو!

جا ئەو کوردانەی وا دەڵێن، مایەی بەزەیی پێدا هاتنەوەن، ولە نێوان موسڵمانێکی گێل وبەکرێگیراوێك وکینە لەدڵێکدان، خواش زاناترە.

## ئەگەر پەیامبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە ناکاو دای لە دەرگای یەکێکمان!؟

خۆ ئەگەر پەیامبەری خۆشەویست صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، لە ناکاو بدات لە دەرگای یەکێکمان وداوای ئیزن بکات بۆ هاتنە ژوورەوە! چەندێکمان ئەڵێین: فەرموو قوربان، بە سەر چاوانم ئەی خۆشەویستترین میوان؟!

چەندێکی ترمان ئەڵێین: توخخوا نەختێك ڕا بوەستە!؟ تا وێنەکانی ناو ماڵەکەم لا دەبەم، تا کەناڵە خراپەکان دەسڕمەوە، تا شریت وکاسێتە خراپەکان فڕێ دەدەم، چی وچیتر...

سەرخستنی خوا عَزَّ وَجَلَّ وپەیامبەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە شوێنکەوتنی پەیامەکەی وپێ بەپێی ئەو پەیامبەرە دەبێ، لە بچووکترین شتەوە تا گەورەترین شت بە پێی توانا.

گوێڕایەڵی خوای گەورەش بریتیە لە شوێنکەوتنی ڕێباز وسوننەتی پەیامبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وگوێڕایەڵی کردنی، هەروەك سەرپێچی ئەو بریتیە لە سەرپێچی خوای پەروەردگار تَبَارَكَ وَتَعَالَى.

ئەمەش هەقیقەتێکە خوای گەورە لە چەندین ئایەتدا ڕوونی کردۆتەوە، منیش هەندێکم لەو ئایەتانە هێناوەتەوە، تا زیاتر ئەو پەیامبەرە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە دڵدا مەزنتر وخۆشەویستتر بێ، وبزانین

گوێڕایەڵیکردنی چەند گەورەیە، تەنانەت هاوشانە لەگەڵ گوێڕایەڵی خوا سبحانە، بەڵکو بریتیە لە گوێڕایەڵی خوا، هەروەها بۆ هەمو ئەوانەی زۆرجار خۆیان بە بێ نیاز دەردەبڕن لە ئاست سوننەت...

**لەو ئایەتانە:**

* ﴿فَلۡيَحۡذَرِ ٱلَّذِينَ يُخَالِفُونَ عَنۡ أَمۡرِهِۦٓ أَن تُصِيبَهُمۡ فِتۡنَةٌ أَوۡ يُصِيبَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٌ ٦٣﴾ [النور]. «ئەوانەی پێچەوانەی فەرمانی پەیامبەر دەکەن، با بترسن تووشی بەڵاو تاقیکردنەوە بن، وتوشی سزایەکی سەخت بن».

* ﴿وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ٧﴾ [الحشر]. «ئەوەی پەیامبەر پێیدان وەریبگرن، ئەوەشی لێتانی قەدەغەکرد وازی لێ بێنن، لەخوا بترسن بێگومان خوای مەزن سزای سەختە».

تەنانەت سەرکەوتن وسەرفرازی پەیوەست ئەکات بە گوێڕایەڵی خوا وپەیامبەرەکەیەوە، وەك ئەفەرموێ:

* ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَۚ وَحَسُنَ أُوْلَٰٓئِكَ رَفِيقًا ٦٩﴾ [النساء]. «هەرکەسێك گوێڕایەڵی خوا وپەیامبەر بکات، ئەوە لەگەڵ ئەوانەدایە کە خوا نیعمەتی ڕشتووە بەسەریاندا، لە: پەیامبەران وڕاستگۆیان وشەهیدان وپیاوچاکان، ئەوانەش باشترین هاوڕێ وهاوەڵن».

* ﴿وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَٱحۡذَرُواْۚ فَإِن تَوَلَّيۡتُمۡ فَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا عَلَىٰ رَسُولِنَا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ ﴿٩٢﴾﴾ [المائدة:٩٢]. «گوێڕایەڵی خوا وگوێڕایەڵی پەیامبەر بن، وبترسن ووریا بن، جا ئەگەر ئێوە پشت هەڵبکەن وگوێڕایەڵی نەکەن ئەوا بزانن بێگومان ئەوەی لەسەر نێردراوەکەی ئێمەیە تەنها ڕاگەیاندنی ئاشکرای ئاینەکەیە».

* ﴿وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفۡشَلُواْ وَتَذۡهَبَ رِيحُكُمۡۖ وَٱصۡبِرُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿٤٦﴾﴾ [الأنفال:٤٦]. «-ئەی باوەڕداران- گوێڕایەڵی خوا وپەیامبەرەکەی، وجیاواز مەبن بەهۆیەوە دەشکێن ولاواز دەبن، وهێزتان دەڕوا ونامێنێ، خۆڕاگربن، بەڕاستی خوا لەگەڵ خۆڕاگراندایە».

* ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَلَا تُبۡطِلُوٓاْ أَعۡمَٰلَكُمۡ ﴿٣٣﴾﴾ [محمد]. «ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە فەرمانبەرداری خوا وپەیامبەر بن وکردەوە چاکەکانتان هەڵمەوەشێننەوە».

* ﴿قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿٣١﴾﴾ [آل عمران]. «ئەی پەیامبەر بڵێ: ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێ، ئەوا شوێنی من بکەون تا خواش ئێوەی خۆش بوێ ولە گوناهەکانتان ببورێ، وخوا لێخۆشبووی میهرەبانە».

* ﴿وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ لَعَلَّكُمۡ تُرۡحَمُونَ ﴿١٣٢﴾﴾ [آل عمران]. «گوێڕایەڵی خوا وپەیامبەر بن بۆ ئەوەی ڕەحمتان پێ بکرێت». جا هەرکەس دەیەوێ

خوای میهرەبان ڕەحمی پێ بکات با شوێنی سوننەت وڕێبازی پەیامبەر بکەوێ.

* ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ۝٥٩﴾ [النساء:٥٩].«ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە گوێڕایەڵی خوا بن وگوێڕایەڵی پەیامبەر بن، لەگەڵ زاناکان یان کاربەدەستانتان، جا ئەگەر دووبەرەکیتان هەبوو لە شتێکدا ئەوە بیگێڕنەوە بۆلای خوا وپەیامبەر صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ ئەگەر ئێوە باوەڕتان هەیە بە خوا وبە ڕۆژی دوایی، بێگومان ئەوە چاکترە وئاکام وئەنجامەکەی باشترە».

کەواتە گەر دەتەوێ هەرگیز لەسەر هیچ شتێك پەشیمانی نەکێشی وعاقیبەتی هەموو کارێکت بەخێربێ، شوێنی پەیامبەر صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ بکەوە.

* ﴿قُلۡ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَۖ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَإِنَّمَا عَلَيۡهِ مَا حُمِّلَ وَعَلَيۡكُم مَّا حُمِّلۡتُمۡۖ وَإِن تُطِيعُوهُ تَهۡتَدُواْۚ وَمَا عَلَى ٱلرَّسُولِ إِلَّا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ ۝٥٤ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَيَسۡتَخۡلِفَنَّهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ كَمَا ٱسۡتَخۡلَفَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمۡ دِينَهُمُ ٱلَّذِي ٱرۡتَضَىٰ لَهُمۡ وَلَيُبَدِّلَنَّهُم مِّنۢ بَعۡدِ خَوۡفِهِمۡ أَمۡنٗاۚ يَعۡبُدُونَنِي لَا يُشۡرِكُونَ بِي شَيۡـٔٗاۚ وَمَن كَفَرَ بَعۡدَ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ۝٥٥﴾ [النور:٥٤-٥٥]. «-ئەی پەیامبەر صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ بڵێ: گوێڕایەڵی خوا وگوێڕایەڵی پەیامبەر بن صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ، جا گەر پشتیان هەڵکرد ئەو تەنها بەرپرسیارە

لەوەی دراوە بە سەریدا وئێوەش بەرپرسن لەوەی کە دراوە بەرستاندا، خۆ ئەگەر گوێرایەڵی پەیامبەر بکەن صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ ئـەوا هیدایـەت وەردەگرن. پەیامبەر صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ هیچی لەسەر نییـە بێجگـە لـە بەڕوون وئاشکرا گەیاندنی پەیامەکەی خوا نەبێ. خـوا بـەڵێنی داوە بەو کەسانەتان کە باوەڕی هێناوە وکـردەوە چـاکەکانیان ئـەنجام داوە بێگومان دەیانکات بە جێنشین لەسـەر زەوی وەك چـۆن ئیمانـدارانی پێش ئەمانی کرد بە جێنشین، ئاینەکەیان بۆ دەچەسپێنێ، ئەو ئاینەی کە خوا ڕازی بووە بۆیان، تـرس وبیمیـان بـۆ دەگـۆڕێ بـە ئاسـایش وئارامی، لەو کاتەدا ئیتر هەر من دەپەرستن وهـیچ هاوبەشـێکم بـۆ بڕیار نادەن، هەر کەسیش دوای ئەوە بێ بڕوا بێ ئـەوا بەڕاسـتی ئـا ئەوانەن دەرچوون لە ڕێگەی خوا».

لەم ئایەتەدا خوا فەرمان ئـەکات کـەوا ئـەبێت هـەموو کـەس فەرمانبەری خوا وپەیامبەرەکەی صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ بێ، هەرکەسێکیش پشـتی لـێ بکـات ئـەوا هـیچ زیـان بـە پەیامبـەر صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ ناگەیەنێت، خواش سبحانە دینی خۆی زایە ناکا هەر سـەری دەخـا، وسزای سەرپێچی کەرانیش دەداتەوە.

هەروەها لە ئایەتەکەوە ئەوە دەفامرێ کە ڕێبازی پەیامبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕێبازی هیدایەتە وڕێبازەکانی تردی دژە ڕێبازەکەی وی گومڕایی وهەڵدێرین، وهەرگیز هیدایەتدەر وڕێنماییکەر نین.

هەروەها لەم ئایەتەدا خوای دانا بەڵێنی ئەوە دەدات بە ئومەتی محمد ﷺ کە دەیانکات بە جێنشین لە سەر زەوی، دەسەڵات وهێزیان پێ دەبەخشێت، بە ئەوانەیان کە:

**یەکەم:** ئیمان بهێنن.

**دووەم:** کردەوە چاکەکان بکەن.

ئەم ئایەتەش لە سەردەمێکدا دابەزیووە کە موسڵمانان لەو پەڕی زەلیلیدا بوون وترساون، بەڵام خوا بەڵێنی ئەوەیان پێ دەدات کە ئەگەر ئیمان بێنن وکردەوە چاکەکان ئەنجام بدەن ترسیان لا دەبات وسەر بەرزیان دەکات.

ئەوەبوو خوای گەورە بەڵێنەکەی خۆی بەجێ هێنا وموسڵمانانی کرد بە جێنشین لەسەر زەوی هەر وەك ڕاڤەکاران بە سەردەمی ئەبوبەکر وباقی خەلیفە ڕاشدیەکانی دی ڕاڤەیان کردووە.

ئێمەش ئەمڕۆ لە سەردەمێکین پێم وانییە موسڵمانان لە هیچ دەمێکدا بەم ئەندازەیە زەلیل بووبێتن، خوای کار ساز بۆ سەرکەوتن چارەسەرەکەمان نیشان دەدات، پێشینی ئێمەش کاریان بەو

چارەسەرە کرد، سەر بەرز وڕوو سپی بوون، دەی هیممەتێك لە پاشین تا خوا سەر بەرز وڕوو سوورمان بکات لە دونیا ودوارۆژدا.

# بەشی دووەم

- پلە وپایەی پەیامبەر ﷺ .

- مافەکانی پەیامبەر ﷺ بەسەرمانەوە.

# بەشی دووەم

## پلە وپایەی پەیامبەر صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ

خوا ﷻ دروستکراوەکانی دروستکردووە، لـە نـاو ئەوانیشـیاندا هەواڵپێـدراو یـان پلـە بـەرزەکان «النبـي»ی هەڵبـژاردووە، لـە نـاو ئەوانیشـــیاندا نێردراوەکـــان «الرســـول»ی هەڵبـــژاردووە، لـــە نـــاو ئەوانیشیاندا نەبەرد ونەبەز «خاوەن عەزم»ەکـانی هەڵبـژاردووە، کـە پێـــنجن، لـــە نێـــو ئـــەو پێنجەشـــدا دوو خۆشەویســـتەکەی خـــۆی هەڵبـژاردووە کـە «ئیـبراهیم و محمد ﷺ»ن، صـەلات وسـەلامی خوایـان لەسەر بێت، لەو دوو خۆشەویستەش، محمد ﷺی هەڵبژاردووە.

کەواتـــە لـــە نێـــو هـــەموو گـــەردوون وبوونـــەوەردا خـــوا ﷻ، پەیامبەری صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ هەڵبژاردووە، ئەم هەڵبژاردنەش نیشـانەی مەزنی وگەورەیی پلە وپایەیەتی لای خوای پەروەردگار.

## خوای مەزن بانگی پەیامبەر ناکات بە: «ئەی محمد ﷺ!»

یەکێکی تر لە نیشانەکانی گەورەیی پەیامبەر وپلـە بـەرزی لای خوای مەزن، ئەوەیە خوای گەورە لە هیچ شوێنێکی قورئاندا بە ناوی «محمد ﷺ»، بە پەتی، بانگی نەکردوە، بـەڵکو بـە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ﴾، و﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ﴾. وەك دەفـــەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ حَسۡبُكَ ٱللَّهُ وَمَنِ ٱتَّبَعَكَ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ

﴿٦٤﴾ [الأنفال]، هەروەها: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ حَرِّضِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ عَلَى ٱلۡقِتَالِۚ... ﴿٦٥﴾ [الأنفال]، هەروەها: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّمَن فِيٓ أَيۡدِيكُم مِّنَ ٱلۡأَسۡرَىٰٓ... ﴿٧٠﴾ [الأنفال]، هەروەها: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ لَا يَحۡزُنكَ ٱلَّذِينَ يُسَٰرِعُونَ فِي ٱلۡكُفۡرِ... ﴿٤١﴾ [المائدة]، هەروەها: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ بَلِّغۡ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَۖ... ﴿٦٧﴾ [المائدة]. بانگی لێ ئەكات.

ئەمەش زانایانی كۆنە، لەوانەش: عیززی كوڕی عەبد ئەلسەلام.

لەكاتێكدا خوا ﷻ سەرجەم پەیامبەران عَلَيۡهِمُ ٱلسَّلَامُ بە ناوەكانی خۆیان بانگ ئەكات، بۆ نمونە:

خوای مەزن بانگی ئادەم دەكات: ﴿وَقُلۡنَا يَٰٓـَٔادَمُ ٱسۡكُنۡ أَنتَ وَزَوۡجُكَ ٱلۡجَنَّةَ... ﴿٣٥﴾ [البقرة].

بانگی نوح دەكات: ﴿قِيلَ يَٰنُوحُ ٱهۡبِطۡ بِسَلَٰمٖ مِّنَّا... ﴿٤٨﴾ [هود].

بانگی ئیبراهیم دەكات: ﴿وَنَٰدَيۡنَٰهُ أَن يَٰٓإِبۡرَٰهِيمُ ﴿١٠٤﴾ [الصافات].

بانگی موسا دەكات: ﴿قَالَ يَٰمُوسَىٰٓ إِنِّي ٱصۡطَفَيۡتُكَ عَلَى ٱلنَّاسِ... ﴿١٤٤﴾ [الأعراف].

بانگی عیسا دەكات: ﴿إِذۡ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَىٰٓ إِنِّي مُتَوَفِّيكَ... ﴿٥٥﴾ [آل عمران].

بانگی زەكەریا دەكات: ﴿يَٰزَكَرِيَّآ إِنَّا نُبَشِّرُكَ بِغُلَٰمٍ... ﴿٧﴾ [مريم].

بانگی یەحیا دەكات: ﴿يَٰيَحۡيَىٰ خُذِ ٱلۡكِتَٰبَ بِقُوَّةٖۖ... ﴿١٢﴾ [مريم].

بانگی داود دەكات: ﴿يَٰدَاوُۥدُ إِنَّا جَعَلۡنَٰكَ خَلِيفَةٗ فِي ٱلۡأَرۡضِ... ﴿٢٦﴾ [ص].

بەڵام بۆ پەیامبەری خۆمان صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ جیاواز لە هەموو پەیامبەران، بە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ﴾، وبە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرَّسُولُ﴾ بانگی لێ ئەكات.

ئــەوە مەكانــەت وقــەدر وپلــە ويايــەى پەيامبــەرى خوايــە صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، ئەگەريش ناوى ﷺ بهێنێت ئــەوا لەگەڵيــدا باســى نبووەت وڕيسالەت هەر ئەكات: ﴿مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ وَلَٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمًا ۝٤٠﴾ [الأحزاب]. هەروەها: ﴿مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ ٱللَّهِ ۚ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلْكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيْنَهُمْ ۖ ...۝٢٩﴾ [الفتح].

دەبينين لەگــەڵ نــاو هێنــانى پەيامبــەردا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ باســى نبووەت يا ڕيسالەتى پەيامبەرى خوا ئەكات صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.

## ستايشى خواى مەزن بۆ پەيامبەرەكەى صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

خوا تَبَارَكَ وَتَعَالَىٰ هەرچى ڕەوشتى جوان وسيفاتى بەرز هەيــە لــە گيــانى پەيامبــەردا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كۆيكردۆتــەوە، هــەر بۆيــە لــە چــەندين شوێنى قورئاندا مەدح وستايشى ئەكات، تەزكيەى ئەكات، بە پاكى ڕادەگرێ.

ستايشى ڕێبــاز ومەنهەجەكــەى دەكــات ودەفــەرموێت: ﴿وَإِنَّكَ لَتَهْدِىٓ إِلَىٰ صِرَٰطٍ مُّسْتَقِيمٍ ۝٥٢﴾ [الشورى].

ستايشى چاوى دەكات وئەفەرموێت: ﴿مَا زَاغَ ٱلْبَصَرُ وَمَا طَغَىٰ ۝١٧﴾ [النجم].

ستايشى عــەقلى دەكــات وئەفــەرموێت: ﴿مَا ضَلَّ صَاحِبُكُمْ وَمَا غَوَىٰ ۝٢﴾ [النجم].

ستايشى دڵى دەكات وئەفەرموێت: ﴿مَا كَذَبَ ٱلْفُؤَادُ مَا رَأَىٰٓ ۝١١﴾ [النجم].

ستایشی سنگی دەکات وئەفەرمویّت: ﴿أَلَمۡ نَشۡرَحۡ لَكَ صَدۡرَكَ ١﴾ [الشرح].

ستایشی پاکیەتی ئـەکات وئەفـەرمویّت: ﴿وَوَضَعۡنَا عَنكَ وِزۡرَكَ ٢﴾ [الشرح].

ستایشی ڕاستگۆیی ئەکات وئەفەرمویّت: ﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلۡهَوَىٰٓ ٣﴾ [النجم].

ستایشی زیکری ئەکات وئەفەرمویّت: ﴿وَرَفَعۡنَا لَكَ ذِكۡرَكَ ٤﴾ [الشرح].

ستایشی زانستی ئەکات وئەفەرمویّت: ﴿عَلَّمَهُۥ شَدِيدُ ٱلۡقُوَىٰ ٥﴾ النجم: ٥

ستایشی نـەرمونیانی ئـەکات وئەفـەرمویّت: ﴿بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ رَءُوفٞ رَّحِيمٞ ١٢٨﴾ [التوبة].

ستایشـــی ئوممەتەکەشـــی دەکـــات وئەفـــەرمویّت: ﴿كُنتُمۡ خَيۡرَ أُمَّةٍ أُخۡرِجَتۡ لِلنَّاسِ﴾ [آل عمران].

ستایشی ڕەوشت وبەڵکو هەموو شتیّکی دەکـات وئەفـەرمویّت: ﴿وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٖ ٤﴾ [القلم]. «بە ڕاسـتی ئـەی پەیامبـەر! تـۆ لەوپـەڕی ڕەوشت بەرزی وڕەووشت جـوانی دایـت، لەسـەر ڕەوشـتیّکی گـەلیّك سامی وعالـی دایت». بە «إِنَّ» تەئکیدی ئـەکات، بـە «لـام»ەکـەش تەئکیدی ئەکات. بە تەئکید تۆ ڕەوشـتیّکت هەیـە ئـەی ﷺ هـیچ کەسیّك لە ویّنەی ڕەوشتی تۆی نییە.

حەسسانی کوڕی سابت رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ جوان دەهۆنیّتەوە:

أغَـــرّ عَلَيـــه لِلنُّبُـــوَةِ خَـــاتَمٌ ... مِـنَ اللهِ مِـنْ نُـورٍ يَلُـوحُ وَيَشْـهَدُ

وَضمّ الـالـهُ اسْمَ الـنّبِيّ الـــى اسْـمِهِ ... إِذَاقال فِي الـــخَمْسِ الـمُؤَذّنُ أَشْـهَدُ

وَشَــقّ لَــهُ مِــن اسْــمِهِ لِيُجِلّــه فَذُو الـعَرْشِ محمودٌ وهَـذا مُحَمّـدُ

خــوا ﷻ نــاوی پەیامبــەری ﷺ لــە نــاوی خۆیــەوە دەرهێناوە، هەر وەکو چۆن «ڕەحم»ی لە «ڕەحمان»ەوە دەرهێنــاوە، جـا خوا «مەحمود»ە، ناوی «ﷴ»ی لە «مەحمود»ەوە دەرهێناوە.

ئێســتا دەزانــین دونیــا چــەند پێویســتی بــە پیــاوێکی وەکــو پەیامبــەری خــوا بــووە ﷺ، بــۆ ئــەوەی خــەڵکی لــە تاریکستانەوە دەر بکات بــەرەو نورســتان، لــە کافرســتانەوە بــەرەو ئیسلامستان، لە گومڕاییەوە بەرەو ڕێنمایی، لــە نەفامیــەوە بــەرەو زانست وزانیاری.

پەیامبەری خوا ﷺ پیاوێکە بۆ هەر سیفەتێکی چاك بگەڕێی لە گیانی موبارەکیدا هەبووە...

## دڵسۆزی پەیامبەر ﷺ بۆ ئوممەتەکەی ووەفای ئوممەتەکەی لە ئاست دڵسۆزیەکەی

بەڵێ، ئەوە ڕەوشت بــەرزی پەیامبــەری خوایــە ﷺ، ئــەوەش مــەدح وســەنای خــوای گەورەیــە بــۆ پەیامبەرەکــەی ﷺ، ئەوە کانیاوی هەموو سیفاتێکی جـوان وڕەوشــتێکی بەرزە.

بەڵام سەرباری هەموو ئەمانە، سوێند دەخۆم کـەوا ئوممەتەکـەی قەدری پەیامبەریان بە هەق نەگرتووە!

کە تەماشای ماڵ ومناڵ وکۆڵان وشەقامەکان ودەوڵەتەکەم کـرد ئەو سوێندەم خوارد! بەڵێ بەڕاسـتی ئوممەتەکـەی کەمتەرخـەمن لـە ئاست شوێنکەوتن وخۆشویستنی ئەو خۆشەویستە صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ.

پەیامبەری خـوا صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ هـەتا وەفاتیشـی کـرد خـەمی ئێمەی ئوممەتی بوو، بەڵام ئێمە کوا خەمی ئەومانە!؟

خەمی ئێمە بـۆ ئـەو، بـە شـوێنکەوتنی سـوننەتەکەیەتی، بـە پابەندبوونمانـە بـە شـەریعەتەکەی، نـەك خـەمی پەیامبـەری خـوا صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ بخۆین، پەیامبـەری خـوا صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ خـەمخواردنی ئێمەی ناوێت.

تا لە ژیاندا بوو خوای مەزن سەری خسـت ﴿إِلَّا تَنصُرُوهُ فَقَدۡ نَصَرَهُ ٱللَّهُ...﴾ [التوبة]، ئێستاش لە ناو قەبرەکەیدا، لە ژیـانی بەرزەخـدا کـە ژیانێکی جیاوازە لەم ژیانە، زیندووە، بەڵێ پڕ بە دەم دەیڵـێم لـەناو گۆڕەکەیدا زیندووە، بەڵام ژیانێکی بەرزەخی جیاواز لە ژیانی دونیا، کە حەقیقەت وچۆنیەتیەکەشی تەنها وتەنها خوا دەیزانێت.

سەرجەم پەیامبەرانی تـریش عَلَيۡهِمُ ٱلسَّلَامُ لـە نـاو قەبرەکەیانـدا زیندوون.

لــه ئەوســی کــوڕی ئەوســەوە هــاتووە، لــە پەیامبــەری خــواوە ﷺ فەرمویەتی: «إِنّ مِنْ أَفْضَلِ أَيّامِكُمْ يَـوْمَ الــجُمُعَةِ..»، «لە باشــترین ڕۆژەکــانی ئێــوە ڕۆژی هەینیــە»، «فَـأَكْثِرُوا عَلَـيّ مِـنَ الـــصّلاةِ فِيــهِ»، «بۆیــە لــەو ڕۆژەدا زۆر ســەڵاواتم لەســەر بــدەن ﷺ»، «فَإِنّ صَـلاتَكُمْ مَعْرُوضَـةٌ عَلَـيّ»، «چــونکە عــەرزم ئەکرێت وپیشانم دەدرێت». «قالوا: يَا رَسُولَ الله، وَكَيْفَ تُعْـرَضُ عَلَيْـكَ صَلاتُنَا وَقَدْ أَرَمْتَ؟ يَقُولُونَ قَـدْ بَلِيـتَ» «صـەحابییەکان زۆریـان پــێ سەیر بوو، فەرموویان: یا رسول الله چۆن سەڵاواتەکانی ئێمەت عەرز ئــەکرێ لــە کاتێکــدا لاشــەت ڕزیــوە؟!». پەیامبــەر ﷺ فەرمووی: «إِنّ الله حَرّمَ عَلَى الآرض أَنْ تَأْكُلَ أَجْسَادَ الأَنْبِيَـاءِ»، «خــوا ﷻ حەرامی کردوە لەسەر زەوی لاشەی پەیامبەران بخوات»(٤).

## مافەکانی رسول الله ﷺ بە سەرمانەوە

پەیامبــەر ﷺ حــەقی زۆری لــە ســەرمان هەیــە، گەورەترین ولە پێشترینی ئەو حەقانە بریتین لە:

(٤) أخرجه النسائي في «الصغرى» (١٣٧٣)، وأبو داود في «سننه» (١٠٤٧، ١٥٣١)، وابن ماجه في «سننه» (١٠٨٥، ١٦٣٦)، والدارمي في «مسنده» (١٦١٣)، وأحمد في «مسنده» (١٦٤١٣). حسنه بعض أهل العلم. وقال أبو حاتم الرازي: «حديث منكر لا أعلم أحدا رواه غير حسين الجعفي وأما عبد الرحمن بن يزيد بن تميم فهو ضعيف الحديث وعبد الرحمن بن يزيد بن جابر ثقة». اهـ «علل الحديث» (٢/٥٢٨).

❖ **باوەڕ پێ هێنانی** صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ: خوای میهرەبان دەفەرموێت: ﴿فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَٱلنُّورِ ٱلَّذِيٓ أَنزَلۡنَاۚ ...٨﴾ [التغابن]، «سا بڕوا بهێنن بە خوا وبە پەیامبەرەکەی وبە ئەو ڕووناکیەی کە بۆی دابەزاندوون».

هەروەها دەفەرموێت: ﴿فَـَٔامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِ ٱلنَّبِيِّ ٱلۡأُمِّيِّ ٱلَّذِي يُؤۡمِنُ بِٱللَّهِ وَكَلِمَٰتِهِۦ وَٱتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمۡ تَهۡتَدُونَ ١٥٨﴾ [الأعراف] «سا بڕوا بهێنن بە خوا وبە ئەو پەیامبەرە نەخوێندەوارەی کە بڕوای بە خوا وبە فریشتەکانی هەیە، وشوێنی بکەون بۆ ئەوەی ڕێنمایی وەر بگرن». فەرمودەکەی جبریلیش لە بارەی پایەکانی ئیمانەوە بەناوبانگ وناسراوە کە بڕوا بوون بە پەیامبەرەکانی تێدایە.

❖ **خۆشویستنی** صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ: ئەمەش فەرزە، خوای میهرەبان دەفەرموێت: ﴿قُلۡ إِن كَانَ ءَابَآؤُكُمۡ وَأَبۡنَآؤُكُمۡ وَإِخۡوَٰنُكُمۡ وَأَزۡوَٰجُكُمۡ وَعَشِيرَتُكُمۡ وَأَمۡوَٰلٌ ٱقۡتَرَفۡتُمُوهَا وَتِجَٰرَةٞ تَخۡشَوۡنَ كَسَادَهَا وَمَسَٰكِنُ تَرۡضَوۡنَهَآ أَحَبَّ إِلَيۡكُم مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَجِهَادٖ فِي سَبِيلِهِۦ فَتَرَبَّصُواْ حَتَّىٰ يَأۡتِيَ ٱللَّهُ بِأَمۡرِهِۦۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ ٢٤﴾ [التوبة]. «ئەی پەیامبەری خوا پێیان بڵێ: ئەگەر باوکانتان وکوڕەکانتان وبراکانتان وهاوسەرەکانتان وخزمەکانتان وئەو پارەی بە دەستان هێناوە، هەروەها ئەو بازرگانەی کە حەز لە ڕەواج پێدانی دەکەن ولە زەرەر لێکردنی دەترسن، وئەو ماڵانەتان کە ڕازی تێیدا بمێننەوە= ئەگەر ئەمانە خۆشەویستترە لەلاتان لە خوا وپەیامبەرەکەی، ولە تێکۆشان لە پێناوی خوادا؛ ئەوا چاوەڕێی سزا وتۆڵەی خوا بکەن...».

لـــه هـــەر دوو صەحیحەکەشـــدا هـــاتووە، لـــە ئەنەســـەوە، خۆشەویستمان صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەفەرموێ: «فَوَالَّـذِي نَفْسِي بِيَـدِهِ، لَـا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ الَـيْهِ مِـنْ وَالِـــدِهِ، وَوَلَـدِهِ، وَالـــنَّاسِ أَجْمَعِينَ». «سوێند بەوەی نەفسی منی بـــە دەســـتە هـــیچ کەســـێکتان ئیمانی نییە، هەتاوەکو منی لە خۆی وباوکی ومنداڵەکانی وهـــەموو خەڵکی خۆشتر نەوێت»(٥).

هەر بۆیە بە کۆی دەنگی زانایان: هەرکەس جنێو بە پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بدات لە دین دەرچووە.

پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەفـــەرموێ، وەك لـــە بوخـــاری و موسلیمدا هاتووە لە حەدیسەکەی ئەنەس: «ثَلَاثٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ وَجَـدَ بِهِنَّ حَلَاوَةَ الـإِيمَانِ» «سیٚ شت هەیە هەرکەسێك تیایدا هەبێت، ئەوا بە هۆی ئەو سیٚ شتەوە تام وشیرینی ئیمانی چەشتووە»(٦).

**یەکەمیان:** «أَنْ يَكُـونَ اللهُ وَرَسُولُهُ أَحَـبَّ الَـــيْهِ مِمَّـا سِـوَاهُمَا» ئەبێت خوا وپەیامبەری خوای صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە هەموو شتێك زیاتر خۆش بووێت -بەو شێوازی خۆشەویستیەی پێشتر باسمانکرد-.

---

(٥) أخرجه البخاري في «صحيحه» (١٥)، ومسلم في «صحيحه» (٤٤).

(٦) أخرجه البخاري في «صحيحه» (١٦، ٢١، ٦٠٤١، ٦٩٤١)، ومسلم في «صحيحه» (٤٣).

**دووەمیان:** «وَأَنْ يُحِبّ الـمَرْءَ، لَـا يُحِبُّـهُ إلـاّ للّه»، هەرکەسـێکی خۆشویست لەبەر خوا خۆشـی بوێـت، تـەنها لەبـەر خـوا سـبحانه، ڕقیشی لەهەرکەس بوو لەبەر خوا جل جلالـه ڕقی لێبێت.

**سێیەمیان:** «وَأَنْ يَكْرَهَ أَنْ يَعُودَ فِـي الــكُفْرِ كَمَـا يَكْـرَهُ أَنْ يُقْذَفَ فِي الـنّارِ». حەز نەکات بگەڕێتەوە بۆ کوفر وبێ بـاوەڕی وەك چۆن حەز ناکات بخرێتە نێو ئاگرەوە.

له خۆشـترین ئـەو فەرموودانـەی کـە لـە بـارەی خۆشویسـتنی پەیامبـەری خـواوە هـاتبێ صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ، ئـەو فەرموودەیـە کـە ((تەبرانی لە ئەوسەتدا)) بە سەنەدێکی حەسـەن ئەیگێڕێتـەوە[7]، لـە عائیشـەوە ئەفـەرموێ: پیاوێـك هاتـە خزمـەتی پەیامبـەری خـوا صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ عەرزی کرد: «وَاللّه إِنّكَ لَأحَبُّ الـيّ مِنْ نَفْسِي، وَإِنّـكَ لَأحَـبُّ الـيّ مِـنْ أَهْلِـي، وَمـالَي، وَأَحَـبُّ الــيّ مِـنْ وَلَـدِي» «ئـەی پەیامبەری خوا صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ واللّه تۆ لە نەفسم خۆشەویستتری لام، تۆ لـە مـاڵ وخێـزانم هـەمووی خۆشەویسـتتری لام، لـە منداڵـەکانم

---

(٧) أخرجه الطبراني في «الأوسط» (٤٧٧)، و«الصغير» (٥٣/١) (٥٢).

وحسّنه «الضياء المقدسي» كما في «الـدر المنثـور» (٥٢٧/٤)، والمنـذري فـي «الترغيـب والترهيب» (٣٨٣/٤)، وقال الهيثمي في «المجمع»: «رجاله رجال الصحيح غيـر عبـد الله بـن عمران العابدي وهو ثقة». وقال ابن حجر في العجاب: «رجاله موثقون»، وقـال الألبـاني فـي «الصحيحة» «١٠٤٤/٦»: «فيه عبد الله بن عمران صدوق ويقويه أن له شواهد مرسلة».

خۆشەیستتری لە دلّمدا». «وَإِنِّي لأكُونُ فِي البَيْتِ، فَأَذْكُرُكَ فَمَا أَصْبِرُ حَتّى آتِيَكَ، فَأَنْظُرَ اليْكَ، وَإِذَا ذَكَرْتُ مَوْتِي وَمَوْتَكَ، عَرَفْتُ أَنّكَ إِذَا دَخَلْتَ الجَنّة رُفِعَتْ مَعَ النّبِيّينَ، وَإِنّي إِذَا دَخَلْتُ الجَنّة خَشِيتُ أَنْ لا أَرَاكَ». «کە لە مالّم بیری تۆ دەکەمەوە، کە بیرت دەکەمەوە خۆم پێناگیرێ هەتا دێمە دیدارت بەڵکو چاوێکم پێت بکەوێ، کە بیر لە مردنی خۆم وتۆیش دەکەمەوە، ئەلێم: ئەگەر تۆ بمری لەگەلّ پەیامبەرانی خوادا لە پلە بەرزەکانی بەهەشتدا ئەبن، ئەگەر منیش بڕۆمە بەهەشتەوە ئەترسم تۆ نەبینم ئەی پەیامبەری خوا ﷺ، موشتاقی تۆم، حەزم لە دیدار وبینینی تۆیە».

واللە ئێمەش موشتاقی بینینی پەیامبەرین.

پیاوەکە کە ئەم پرسیارەی کرد، پەیامبەری خوا ﷺ وەلامی کابرای نەدایەوە وهیچی نەوت، کابراش دانیشتبو، پاشان خوای گەورە بەجبریلدا ئایەتێکی ناردەخوارەوە کە تاقیامەت دەخوێندرێتەوە: ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَـٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّـٰلِحِينَۚ وَحَسُنَ أُوْلَـٰٓئِكَ رَفِيقٗا ۝٦٩﴾ [النساء:٦٩]. «هەر کەسێك گوێڕایەڵی خوا ﷻ وگوێڕایەڵی پەیامبەری خوا بکات ﷺ ئەوا ئەو کەسە لە بەهەشتدا لەگەلّ پەیامبەران

وڕاستگۆیان وشەهیدان وپیاوچاکاندایە، بە ڕاستی ئەوانە باشترین هاوڕێ وهاوەڵن».

سەرنج بدە ئەی خۆشەویست، هاوەڵەکە بە رسول الله صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەڵێ: من تۆم خۆش دەوێت.. بەڵام ئایەتەکە داوای گوێڕایەڵی لێ ئەکات، بۆ ئەوەی لەگەڵیدا لە بەهەشتدا کۆی بکاتەوە -خوای مەزن بە فەزڵی خۆی لە دیداری پەیامبەر صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بێ بەشمان نەکات-.

ئەمەش بریتیە لە مافێکی دی کە بریتیە لە:

**❖ شوێنکەوتنی پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ:**

**خۆشەویستان...** ئەی ئەوانەی دڵتان نەرم ئەبێت بۆ یادی پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، وەك پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەفەرموێ: «هەندێك لە ئیماندارانی ئومەتەکەم کە یادی من ئەکەن دڵیان نەرم ئەبێت بۆ یادم»(٨).

ئەی ئەوانەی کە دڵتان نەرم ئەبێت بۆ یادی پەیامبەر صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وریابن وئاگاداربن وبزانن کە خۆشویستنی پەیامبەر بە بانگەشەکردن نیە، تەنها بە دەم بڵێی: من پەیامبەرم صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خۆشدەوێ، بەڵکو بە شوێنکەوتنە، بە جێبەجێکردنی

---

(٨) ينظر: «السلسلة الصحيحة».

ئـەم چـوار خالّـەی خوارەوەیـە لـە ژیـانی ڕۆژانەمانـدا، هـەروەها ڕەنگدانەوەی ئەم چوار خالّەیە لە کردار وگوفتارماندا:

**یەکـــەم:** «تصــدیقه فیمــا أخبــر»، «بەڕاســت خســتنەوەی هەوالّـەکانی».

**دووەم:** «وطاعته فیما أمر»، «جێبەجێکردنی فەرمانەکانی».

**سـێیەم:** «واجتنـاب مـا نهـی عنـه وزجـر»، «دورکەوتنـەوە لـە نەهیەکانی».

**چوارەم:** «وألّا یُعبد الله إلا بما شرعه رسول الله»، «خواپەرسـتن بـە پێی ڕێنماییەکانی».

**جـا یەکـەم:** «تصـدیقه فیمـا أخبـر»، هەرچـی هەوالّـێك لـە پەیامبەری خواوە صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ پێمان گەیشـتوە، بـڕوای پێبکـەین وبـە ڕاسـتی بـزانین، بـە بەلّگـەی: ﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلۡهَوَىٰٓ ۝٣ إِنۡ هُوَ إِلَّا وَحۡيٞ يُوحَىٰ ۝٤﴾ [النـجم]. «محمد ﷺ بە هەوا وئارەزوی خۆی قسە ناکات، بەلّکو ئـەوەی کـە دەیلّێت وەحیە ولەلایەن پەروەردگاریەوە بۆی دێ».

کەواتە کە فەرموویەتی -بۆ نمونە-: ئەگەر مێشێك کەوتـە نێـو ئەو پەرداخی یەکێکتانـەوە، بـا مێشـەکە بـە تـەواوی بـژەنێت بـە پەرداخەکەدا، چونکە مێش دیوێکی دەردی تێدایە ودیوەکەی تریشی دەرمانی تێدایە.

ئێمەی شوێنکەوتەی پەیامبەر صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ، دەبێت باوەڕمان وابێ کە مێش بەو شێوەیەیە، با زانستی ئەمڕۆش بڵێ وانیە -گەرچی ئەڵێ وایە-.

ئێمەی ئەهلی سوننەت لەبەر خاتری هیچ کەسێك قسەی پەیامبەری خوا صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ بە درۆ ناخەینەوە، بەڵکو پەیامبەری خوا ڕاستگۆترە لامان لەهەر کەسێکی تر. بەمەرجێ لە ڕێگایەکی صەحیحەوە سابت بووبێ.

**دووەمیش:** «طَاعَتَه فِيمَا أَمَر»، جێبەجێکردنی فەرمانەکانی پەیامبەری خوا صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ، ئەمەش هەرکەسە وبە پێی توانای خۆی.

بەڵێ فەرمانەکان بەندە بە تواناوە، بەڵام ئەوەشمان لە یاد نەچێت کە مرۆڤ توانای زۆرە، هەروەکو وتراوە: مرۆڤ تەنها پەیامبەرایەتی لە توانا ودەسەڵاتدا نیە. ئەگینا مرۆڤ خاوەن قودرەت وتوانایەکی زۆرە.

فەرمانەکانی پەیامبەری خوا صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ جێ بەجێ ناکات، کاکەبرا بۆ ئەوە ناکەیت؟! ئەڵێ: بەخوا پێم ناکرێ. بە ڕاستی لە توانایدا هەیە وپێی دەکرێ بەڵام هیممەت ناکات.

**سـێیەم:** «اجْتِنَـاب مَـا نَهَـیَ عَنْـهُ وَزَجَـر»، خـۆ بـەدوور گـرتن ووازهێنان لە هەر شتێك کە پەیامبـەری خـوا صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نـەهی لێکردوە. لەم خاڵەدا توانا بەمەرج نەگیراوە بەڵکو هەرشتێك نـەهی لێکراوە، ئەبێت خۆمان بە دوور بگرین.

هەروەك لە صەحیحەیندا هاتووە لـە ئـەبوهورەیرەوە پەیامبـەر صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمویـەتی «فَـإِذَا أَمَـرْتُكُمْ بِشَـيْءٍ فَـأْتُوا مِنْـهُ مَـا اسْتَطَعْتُمْ، وَإِذَا نَهَيْتُكُمْ عَنْ شَيْءٍ فَاجْتَنِبُوه» «کە فەرمانم پێکردن بـە شتێك بە پێی توانـا جێبـەجێی بکـەن، هەرچـیش ڕێگـریم لێکـردن ونەهیم لێکردن خۆتانی لیٚ بە دووربگرن»[٩].

**چوارەم:** «ألّا يعبد الله إلا بما شرع»، خوا پەرستیمان بەو شـێوازە بیٚ کە شەرعی کردووە.

ئەمـەش خالـێکی زۆر گـەورە وگرنگـە، چـونکە زۆربـەی موسوڵمانان لە خۆشویستنی پەیامبەردا لەم خاڵەدا تێکەوتوون.

ئەم دینە کامل بووە، هیچ مەجالی ئـەوە نـەماوە شـتی زیـادە بهێنین وبیخەینە ناو دینەوە.

---

(٩) أخرجه البخاري في «صحيحه» (٧٢٨٨)، ومسلم في «صحيحه» (١٣٣٧).

ڕەسولی خوا ﷺ ئەوەندە ڕاستگۆ ودڵسۆز بووە لە گەیاندنی دینەکەیدا، تەنانەت باڵندەیەکیش بە ئاسماندا نەڕۆیشتوە ئیللا خێر وشەڕی پێوتوین.

خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ...٣﴾ [المائدة]. «وا دینەکەم بۆ کامڵ کردن. هەر بۆیە خوا ناپەرستین بەو شێوازە نەبێت کە پەیامبەری خوا ﷺ شەرعی کردووە».

عیبادەتیش دوو ڕووکنی هەیە، بە بێ ئەو دوو ڕوکنە خوای مەزن هیچ عیبادەتێك وەرناگرێت:

**ڕوکنی یەکەم:** بۆ خوات بێت، ئیخلاصت هەبێت.

**ڕوکنی دووەم:** لەسەر شەرعی رسول الله بێت صلی الله علیه وسلم.

**بۆ نموونە:** نوێژی نیوەڕۆ، وەك ئاشكرایە لای هەمووان لەسەر شەرعی خوایە، بەڵام هەر کەسێك لە ئەنجامدانی ئەو فەرزەدا بۆ خوای نەبێت وئیخلاصی نەبێ، لێی وەرناگیرێت. بەهەمان شێوە، ئەگەر کەسێك بێت ونوێژی نیوەڕۆ پێنج ڕکات بکات، بۆ خوایەتی وئیخلاصیشی هەیە، مەبەستیشی لە ئەنجامدانی ڕەزامەندی خوایە.

من له تۆ دەپرسم خێری دەگات؟! دڵنیام ئەڵێی: نـەخێر، دیـنی خوای گۆڕیوه. **منیش ئەڵێم:** بۆ خێری ناگـات! مەگـەر نوێـژ نیـه؟ ركوع، وسجود، وسبحان الله، والـحمد لله، والله أكبر ئەڵێ، زیكـری خوای مەزن دەكات، صلاوات دەدات. بۆ دیـاره تـۆ قەناعـەتت بـه زیكر وتەسبیحات وركوع وسجود وصلاوات نیه.

حەتمەن تۆش دەڵێی: استغفر الله... استغفر الله، مەبەستم ئـەوه نیه، من قەناعەتم به زیكر وصەڵاوات و..هتد هەیه، بەڵام ئەو شـته زیادەیه، بۆیه لێی وەرناگیرێ.

ئەوەتا پەیامبەری خوا صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ وەك له صحیحی بوخاری وموسلیمدا هاتووه له حەدیسەكەی عائیشه، ئەفەرموێ: «مَنْ عَمِـلَ عَمَلًا لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ». «هەركەسێك هەر كردەوەیـەك ئـەنجام بدات، فەرمانی ئێمەی لەسـەر نـەبێت، لـە شـەریعەتەكەی ئێمـەدا ڕێنمایی بۆلا نەكرابێت، ئەوا ڕەتدەكرێتەوه وقەبوڵ ناكرێ ودەدرێتەوه بەسەری خاوەنەكەیدا، ماڵی خراپیش سەر بە صاحیبەكەیەتی»[10].

كەواته بۆ هەمووومان ڕونبویەوه كە دین كاملـه وپێویسـتی بـه هیچ زیاد كردنێك نییه، هەروەها بۆمان ڕون بویەوه كه خۆشویستنی پەیامبەری خوا صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ چۆن دەبێ، وبـه چ شـێوازێك دەبـێ.

---

(١٠) أخرجه البخاري في «صحيحه» (٢١٤٢، ٦٩٦٣)، ومسلم في «صحيحه» (١٥١٦).

کەواتە خۆشویستن بە بانگەشە نیە هەمووی بانگەشەی خۆشەویستی پەیامبەر دەکات صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، بەڵام بە کردەوە لەگەڵیدا نین:

تَعصِي الرّسولَ وأنت تَزعُمُ حُبّه   هَذا لَعَمْري في القِياسِ شَنيعُ
لَو كَان حُبُّك صادِقاً لأَطعتَه   إنّ المُحِبّ لِمَنْ يُحِبُّ مُطِيعُ

سەرپێچی پەیامبەر صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەکەیت وئەشڵێی خۆشمەوێ، ئەمە زۆر نەشیاوە لە تەرازوی عەقڵا، گەر خۆشەویستیەکەت ڕاست بوایە گوێرایەڵ دەبووی، چون خۆشەویست بۆ خۆشەویستەکەی گوێڕایەڵە.

جا ئەبێ ئەو بەرنامەیەی کە پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێناویەتی بیکەینە ڕێسای ژیانمان، لەتاك، لە گۆمەڵگا، لە وولات، ئەبێ پەیامبەر صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نووری چاومان بێ، مامۆستا وپێشەوامان بێ.

❖ **گەورە ڕاگرتنی وڕێز لێگرتنی**: بێگومان فەرزە ڕێز لە پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بگیرێت وکوفر وبێ باوەڕیشە سوکایەتی پێ بکرێت، وەك خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿إِنَّآ أَرۡسَلۡنَٰكَ شَٰهِدٗا وَمُبَشِّرٗا وَنَذِيرٗا ۝٨ لِّتُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُۚ وَتُسَبِّحُوهُ بُكۡرَةٗ وَأَصِيلًا ۝٩﴾ [الفتح]. «ئێمە تۆمان ناردووە -ئەی پەیامبەری خوا- وەك شاهیدێك بەسەر ئوممەتەکەتەوە، هەروەها مژدەدەری باوەڕداران بیت

به ئەوەی بەڵێنیان پێدراوە لە دونیا ودوارۆژدا، هــەروەها ترسـێنەری بێباوەڕان بیت بە ئەوەی چاوەڕێیانە لە دونیادا لە سەر شۆڕی ودۆڕان لەسەر دەستی بڕواداران، هەروەها بە ئەوەی لە دوارۆژدا چـاوەڕێیانە لە سزای بە ئێش ﴿٨﴾ بە ئومێدی ئەوەی بڕوا بە خوا وپەیامبەرەکـەت بهێنن، وپەیامبەر بە گەورەی ڕا بگرن».

هــەروەها ئەفــەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَرۡفَعُوٓاْ أَصۡوَٰتَكُمۡ فَوۡقَ صَوۡتِ ٱلنَّبِيِّ وَلَا تَجۡهَرُواْ لَهُۥ بِٱلۡقَوۡلِ كَجَهۡرِ بَعۡضِكُمۡ لِبَعۡضٍ أَن تَحۡبَطَ أَعۡمَٰلُكُمۡ وَأَنتُمۡ لَا تَشۡعُرُونَ ٢﴾ [الحجـرات]. «ئــەی باوەڕداران بە ئەدەب بن لەگەڵ پەیامبەردا ودەنگتان بەرز مەکەنــەوە بە سەر دەنگی پەیامبەردا، هەروەها ناوی بە ئاشکرا مــەهێنن وەك بانگی یەکتر دەکەن، بەڵکو بە نەرمی وبە نیووەت وڕیسالەت بانگی بکەن».

هەر لە گەورە ڕاگرتنی پەیامبەر ئەوەیە خوای مەزن قەدەغــەی کردوە هاوسەرگیری لەگەڵ هاوسەرەکانیدا بکرێت لە دوای خۆی.

❖ هەروەها لە مافەکانی تری، **صەڵاواتدانە لە ســەری**. بــەوەی هەر کە ناوی پەیامبەریان صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ لــەلادا هێنایــت، بڵێیــت: صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَعَلَىٰٓ آلِهِ وَسَلَّمَ. وەك پەیامبــەر صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ دەفــەرموێت:

«الْبَخِيلُ الَّذِي مَنْ ذُكِرْتُ عِنْدَهُ، فَلَمْ يُصَلِّ عَلَيّ» «ڕژد وچرووك **ئەوەیە: ناوی منی لەلادا بهێنیت وصەڵاواتم بەسەردا نەدات»**[11].

(١١) أخرجه الترمذي في «جامعه» (٣٥٤٦)، وأحمد في «مسنده» (١٧٦٠)، والبزار في «مسنده» (١٣٤٢)، والنسائي في «الكبرى» (٨٠٤٦)، وأبو يعلى في «مسنده» (٦٧٧٦).

# بەشی سێیەم

- ناو ورەچەلەك وخاوخێزانی پەیامبەر ﷺ .

- گوزەرێکی خێرا بە ژیانی شەریفی پەیامبەر ﷺ .

## بەشی سێیەم:

### ناوی پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

کونیەکەی باوکی قاسم «أبو القاسم»ـە، وناوی محمد ﷺی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولموتەللیبی کوڕی هاشیمی کوڕی عەبدمەنافی کوڕی قوصەی کوڕی کیلابی کوڕی موڕڕەی کوڕی کەعبی کوڕی لوئەی کوڕی غالیبی کوڕی فیهری کوڕی مالیکی کوڕی نەضری کوڕی کینانەی کوڕی خوزەیمەی کوڕی مودریکەی کوڕی ئیلیاسی کوڕی موضەری کوڕی نزاری کوڕی مەعەددی کوڕی عەدنانە.

هەموو زانایان تا ئێرەی ئەم نەسەبە کۆکن، هەورەها کۆکن لەسەر ئەوەی کە عەدنان لە کوڕەکانی پەیامبەر ئیسماعیلە عَلَيْهِ ٱلصَّلَاةُ وَٱلسَّلَامُ.

**دایکیشی ناوی:** ئامینەی کچی وەهبی کوڕی عەبد مەنافی کوڕی زوهرەی کوڕی کیلابە، لەمەوە پشتی دەگاتەوە بە مێردەکەی.

### ناوەکانی پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

لە هەر دوو صەحیحەکەدا هاتووە لە جوبەیری کوڕی موتعیمەوە ئەڵێ: پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: «إِنَّ لِي أَسْمَاءً: أَنَا

مُحَمَّدٌ، وَأَنَا أَحْمَدُ، وَأَنَا الـمَاحِي الـذِي يَمْحُو اللهُ بِيَ الـكُفْرَ، وَأَنَا الـحَاشِرُ الـذِي يُحْشَرُ الـنَّاسُ عَلَى قَدَمِي، وَأَنَا الـعَاقِبُ الـذِي لَـيْسَ بَعْدَهُ أَحَدٌ [نَبِيٌّ]». «من چەند ناوێکم هەیە:

١. من موحەممەدم" ستایشکراو، خاوەن ڕەوشت وڕەفتاری بەرز وشیرین وجوان.

٢. من ئەحمەدم.

٣. «وَأَنَا الـمَاحِي» ومن لابەرم، «الـذِي يَمْحُو اللهُ بِيَ الـكُفْرَ» کە خوای گەورە بە هۆی منەوە کوفر وبێ باوەڕی لادەبات.

٤. «وَأَنَا الـحَاشِرُ» ومن کۆکەرەوەم، «الـذِي يُحْشَرُ الـنَّاسُ عَلَى قَدَمِي» کە خەڵك لە دوای منەوە حەشر دەکرێن -یانی پێش خەڵك حەشر دەکرێت-.

٥. «وَأَنَا الـعَاقِبُ» ومن کۆتاهەمینم «الـذِي لَيْسَ بَعْدَهُ أَحَدٌ» کە هیچ پەیامبەرێکم بە دواوە نایەت وکۆتا پەیامبەرم»[١٢].

هەروەها لە موسلمدا هاتووە، لە ئەبو موسای ئەشعەریەوە رَضِيَ اللهُ عَنْهُ ئەڵێ-: «كَانَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُسَمِّي لَنَا نَفْسَهُ أَسْمَاءً، فَقَالَ «أَنَا مُحَمَّدٌ، وَأَحْمَدُ، وَالـمُقَفِّي، وَالـحَاشِرُ، وَنَبِيُّ الـتَّوْبَةِ، وَنَبِيُّ الـرَّحْمَةِ»[١٣]. «پەیامبەری خوا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ چەند ناوێکی خۆی بۆ

---

(١٢) أخرجه البخاري في «صحيحه» (٣٥٣٢، ٤٨٩٦)، ومسلم في «صحيحه» (٢٣٥٤).

(١٣) أخرجه مسلم في «صحيحه» (٢٣٥٥).

باس دەكردین وئەیفەرموو: من موحەممەدم، من ئەحمەدم، من «الـمُقَفِّي»م، من «الحَاشِر»م، من «نَبِيُّ التَّوْبَةِ»م، من «نَبِيُّ الرَّحْمَةِ»م.

«أحمد»یش: هەر بە واتای موحەممەد دێت، بەڵام ئەحمەد بۆ تەفزیلە، وموحەممەد بۆ موبالەغەیە.

الـمُقفّي: شوێنەكەوتەی پەیامبەرانم، یان هەر بە مانای العاقب دێت.

«نبيّ التوبة»: پەیامبەرێكە توبە ولێخۆش بوونی هێناوە.

«نبيّ الرّحمة»: پەیامبەرێكە ڕەحمەتی هێناوە.

## پاكێتی ڕەگەز ورەچەڵەكی پەیامبەری خوا ﷺ

هەر لە موسلیمدا هاتووە، لە واسیلەی كوڕی ئەسقەعەوە، پەیامبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: «إِنَّ اللهَ اصْطَفَى كِنَانَةَ مِنْ وَلَدِ إِسْمَاعِيلَ، وَاصْطَفَى قُرَيْشًا مِنْ كِنَانَةَ، وَاصْطَفَى مِنْ قُرَيْشٍ بَنِي هَاشِمٍ، وَاصْطَفَانِي مِنْ بَنِي هَاشِمٍ»، «خوای گەورە لە كوڕەكانی ئیسماعیلدا كینانەی هەڵبژارد، لە كوڕەكانی كینانەشدا قوڕەیشی هەڵبژارد، لە نێو قوڕەیشیشدا كوڕەكانی هاشیمی هەڵبژارد، ولە كوڕەكانی هاشمیشدا منی هەڵبژاردووە»[١٤].

(١٤) أخرجه مسلم في «صحيحه» (٢٢٧٦).

تەنانەت کاتێك هیرەقل پرسیاری لە ئەبو سوفیان کرد دەربارەی نەسەبی پەیامبەری خوا ﷺ، ئەبوسوفیان ووتی: «هُوَ فِينَا ذُو نَسَبٍ، فقال هرقل: وَكَذَلِكَ الرُّسُلُ تُبْعَثُ فِى نَسَبِ قَوْمِهَا»(١٥)، «پیاوێکی ڕەسەنە ورەچەڵەکدارە، هیرەقلیش وتی: هەروایە، پەیامبەران هەروا بوون لە نێو گەلی خۆیاندا خاوەن ڕەچەڵەکن».

## لە دایکبوونی پەیامبەری خوا ﷺ

لە ساڵی فیلدا لە ڕۆژی دوو شەممەی مانگی ڕەبیعی یەکەمدا، ڕەسول الله ﷺ هاتە دونیاوە، زۆرێکیش ئەڵێن: لە دوازدەی ئەو مانگەدا بووە. جگە لە ئەوەش وتراوە.

تەنانەت هەندێك لە زانایان ئیجماعیان لەسەر ئەوە هێناوەتەوە کە لە ساڵی فیلدا لە دایك بوو بێت، لەوانە: ئیبراهیمی کوڕی مونزیری حیزامی کە شێخی بوخاریە، هەروەها خەلیفەی کوڕی خەیات وجگە لەمانیش.

کاتێك کە ئامینەی دایکی سکی پڕ بووە، ووتویەتی: «هیچ هەستم بە قورسی سکەکەم نەکردووە»، «کاتێکیش لە دایکبووە ڕووناکیەکی لێوە دەرچووە کۆشکەکانی شامی ڕۆشنکردۆتەوە».

---

(١٥) أخرجه البخاري في «صحيحه» (٧، ٥١، ٢٦٨١) وغيرها، ومسلم في «صحيحه» (١٧٧٣).

له فەرمودەکەی عیربازی کوڕی ساریەشدا هاتووە ئەڵێ: گوێم لە پەیامبەری خوا بوو صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: «بە ڕاستی من لە لای خوای پەروەردگار کۆتا پەیامبەر بووم لە کاتێکدا ئادەم هێشتا قوڕ بوو، ڕۆحی بە بەردا نەکرابوو، جا سەرەتای دەرکەوتنی پەیامبەرایەتی خۆمتان بۆ ڕوون دەکەمەوە: دوعاکەی ئیبراهیمی باوکم، هەروەها مژدەکەی عیسا، هەروەها خەونەکەی دایکم کە بینیبووی لەکاتی لە دایك بوونی مندا ڕووناکیەکی لێوە درەوشاوەتەوە کۆشکەکانی شامی ڕۆشنکردۆتەوە»[١٦].

پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێش لە دایك بوونی، باوکی کۆچی دوایی ئەکات وباپیری ناوی دەنێت محمد ﷺ.

## شیرخواردنی پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

چەند ڕۆژێك سوەیبەی خزمەتکاری ئەبو لەهەب شیری پێدا[١٧]، پاشان بردیان بۆ لای خێڵی سەعد بۆ شیر پێدانی وگەورەکردنی لە ژینگەی پاکی لادێدا، ئەوەبو حەلیمەی کچی زوئەیب «حلیمة

(١٦) أخرجه أحمد في «مسنده» (١٧٤٢٤، ١٧٤٢٥، ١٧٤٣٧)، والبزار في «مسنده» (٤١٩٩)، وابن حبان في «صحيحه» (٦٤٠٤). وانظر: «الصحيحة» (١٥٤٦).

(١٧) شیرپێدانی سوەیبە لە بوخاری موسلیمدا هاتووە، بێ ئاماژەکردن بۆ ئەوەی کە چەند ڕۆژێك بووە، ئەوەش لەو فەرموودەیەی کە پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تێیدا فەرموویەتی: «أَرْضَعَتْنِي وَأَبَا سَلَمَةَ ثُوَيْبَةُ»، بەڵام دیاریکردنی ڕۆژەکان پێشەوا «ابن القيم» لە «زاد المعاد» (٨١/١)دا ئاماژەی پێداوە.

السعدية» گرتيه خۆی، ونزيكەی چوار ساڵ يان پێنج ساڵ لەوێدا مايەوە.

له سكی دايك بووە كه باوكی وەفاتی كردووە.

## كەرتكردنی سنگی پيرۆزی پەيامبەری خوا ﷺ

دڵ شەق كرنەكەشی هەر لەو ماوەيەدا بوو. ڕووداوەكەش بە ئەم شێوازە بوو: لە كاتەی لەگەڵ منداڵاندا وازی (ياری) دەكات، جوبرەئيل دێت بۆ لای وڕايدەكشێنێت، وسكی دەدڕێت ودڵی دەر دەكات، وپارچە گۆشتێكی بچوكی لێ دەر دەكات، وئەڵێت: ئەمە بەشی شەيتانە لە تۆدا، پاشان لە ناو تەشتێكی زێردا بە ئاوی زەمزەم دڵی دەشوات وكۆی دەكاتەوە ودەيخاتەوە شوێنی خۆی ودەيدورێنێتەوە، ئەوەبوو منداڵەكان ڕايان كرد بۆ لای دايكی -يانی دايكە شيريەكەی-، وتيان: موحەممەد كوژرا، كە دواجار پێی گەيشتنەوە تەماشا دەكەن ڕەنگی گۆڕاوە لە ترس وبيمدا.

## گەڕانەوەی پەيامبەری خوا ﷺ بۆ لای دايكی

دوای ئەو ڕووداوە حەليمە لە ترسا برديەوە بۆ لای دايكی، لای دايكی مايەوە تا تەمەنی شەش ساڵان، وتراويشە چوار ساڵان، لە ڕێگەی مەككەدا لە ناوچەی «أبواء»دا دايكيشی كۆچی دوايی دەكات. جا ئەو ساڵەی وا فەتحی مەككە كرا پەيامبەری خوا

ﷺ که به «أبواء»دا تێپەڕی، داوای لە پەروەردگار کرد ئیزنی بدات داوای لێخۆشبوونی بۆ بکات، بەڵام پەروەردگار ئیزنی نەدا، ئەوەبوو داوای ئیزنی لێکرد سەردانی گۆڕەکەی بکات، بۆ ئەوە ئیزنی دا.

ئەوەبوو چووە لای گۆڕەکەیی وزۆر گریا، ئەوەندە گریا تا هاوەڵانیش دەستیان کرد بە گریان، پاشان فەرمووی: «سەردانی گۆڕستان بکەن بەڕاستی سەردان کردنی گۆڕستان مردنتان یاد دەخاتەوە»[18].

## بۆ لای باپیری

پاش وەفاتکردنی دایکی، عەبدو لموتەللیبی باپیری بردیە لای خۆی.

ئوم ئەیمەنی حەبەشیش بەخێوی کردنی لە ئەستۆگرت، جا کۆیلە بوو لە باوکیەوە بۆی مابووە، کە گەورەبوو ئازادی کرد ولە زەیدی کوڕی حاریسەی مارەکرد.

باپیری زۆر خۆشی دەویست تەنانەت لە سەرجەم کوڕەکانی زیاتر، بەڵام کە پەیامبەر ﷺ گەیشتە تەمەنی هەشت

(١٨) أخرجه مسلم في «صحيحه» (٩٧٦).

ساڵی، ئەڵێن: هەشت ساڵ ودوو مانگ ودوو ڕۆژ، باپیریشی کۆچی دوایی کرد.

## بۆ لای مامی

هەر بە وەسیەتی باپیری، ئەرکی بەخێوکردنی سپێردرایە ئەبو تالبی مامی، ئەوەبوو زۆر بە جوانی بەخێوی کرد، سەری خست، پشتی گرت، پاراستی، هەتا ئەو ڕۆژەی وەفاتی کرد.

ئەگەر چی هەر بەردەوام بوو لەسەر دینی باوباپیری خۆیی وموسڵمان نەبوو، بەڵام بەهۆی ئەم بەرگریەی لە پەیامبەری خوا ﷺ خوای گەورە سزای دۆزەخی لەسەر کەم کردەوە، هەروەکو لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە.

## ژنهێنانی پەیامبەری خوا ﷺ

پەیامبەری خوا ﷺ لەتەمەنی بیست وپێنج ساڵیدا بوو دەرچوو بۆ شام بە مەبەستی بازرگانی بە ماڵ وسامانەکەی خەدیجە.

ئیبن هیشام ئەڵێ: خەدیجەی کچی خوەیلید ئافرەتێکی بازرگان وخاوەن شەرف وپارە وسامان بوو، پیاوی بە کرێ دەگرت وبە ماڵ وسامانەکەی کاریان دەکرد وپاشان بڕێك پارەی پێدەدان، قورەیشیش

قـەومێکی بازرگـان بـوون، کـە پێـی گەیشـت پەیامبـەری خـوا ﷺ چەند ڕاستگۆ ودەستپاك وڕەوشت جوانـە، نـاردی بـە دوایدا وداوای لێکرد بە بەشێك لە ماڵ وسـامانەکەی بـە مەبەسـتی بازرگانی لەگەڵ خزمەتکارەکەی کە ناوی «مەیسەرە» بوو بڕوات بـۆ شـام، ئەوەشـی کـە دەیبەخشـێتە بازرگانـەکانی تـر بـە زیـاترەوە دەیبەخشێتە ئەم، کە ڕۆیشت وپاشان گەڕایەوە بۆ مەککـە، خەدیجـە بینی ماڵ وسامانەکەی لە هـەموو ئەوانـەی پێشـوتر بـە ئەمانـەتتر وبەرەکەتدارترە، «مەیسەرە»ی خزمەتکاریشی باسی ڕەوشت بـەرزی ئەوی زۆر بۆ کرد، هەستی کرد ئیتر کاتی خۆی هاتووە وئـەوەی ئـەم بەدوایدا دەگەڕا وا دۆزیەوە، چونکە لەوەو پـێش زۆرێـك لـە گـەورە ودەمسپییەکان خوزابێنیان دەکرد بەڵام ئەم ڕازی نەدەبوو.

بۆیە ڕۆیشت ئەوەی لـە دەرونیـا بـوو بـۆ «نەفیسـە»ی هـاوڕێی گێڕایەوە، ئەمیش ڕۆیشت ئەو باسەی لەگەڵ پەیامبەر کـردەوە، کـە بۆ خوازبێنی خەدیجە ناکات؟ ئـەویش ڕازی بـوو، پاشـان خـوازبێنی کرد، بەجۆرە پەیامبەر ﷺ خەدیجەی مارەکرد.

تەمـەنی خەدیجـە ڕەزای خـوای لـێبێ چـل سـاڵان بـوو، لـەو ڕۆژگارەشدا لە ڕوی نەسەبەوە، لەڕوی عەقڵـەوە، لـە ڕوی سـەرمایە وسامانەوە، باشترین ئافرەتی نێو قەومەکـەی خـۆی بـوو. یەکـەمین

خێزانی پەیامبەرە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، وهەرگیز ژنی تری نەهێناوەتە سەری هەتا کۆچی دوایی کردوە.

## پاراستنی پەیامبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە شتە خراپەکانی نەفامی

خوای گەورە پەیامبەری خوای صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە شتە خراپ وعەیب وعارەکانی نەفامی پاراست.

- پەیامبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هەرگیز دەستی بەر هیچ بتێك نەکەوتووە.

- هەروەها ڕێگری لە دەوربەرەکەی خۆشی کردووە دەست بە بتەکانەوە بدەن.

- هەروەها ئەو خواردنانەشی نەخواردووە کە لەسەر بتەکان سەر بڕاوان.

- هەروەها ڕقی لە بتەکان بووە بە ڕادەیەك خانەوادەکەی لێی ترساون.

- هەروەها هەرگیز سوێندی پێ نەخواردوون.

- هەروەها لە ئاکار وڕەوشتە ناشیرینانەی سەردەمی دوور کەوتۆتەوە وەك مەی خواردنەوە وداوێن پیسی ودزی وهاوشێوەکانی.

- تەنانەت ئەو ڕەوشتانەشی ئەنجام نەداوە کە بۆ گەنجی مەککـە قەدەغە وعەیبە نەبووە، بەڵام بۆ کەسێکی کامڵ شیاو نـەبووە، وەك بەشداری کردن لە ئاهەنگ وشادیەکانیان.

لە ئەم بارەوە ئەفەرمویێت صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: هـەرگیز ئەنجامـدانی هیچ کارێکی خراپی سەردەمی نەفامی بە مێشـکمدا نـەهاتووە دوو جار نەبێت ئەو دوو جارەش خوا پاراستمی

- بۆیە دووری لێ گرتن وڕۆیشتە ئەشکەوتێکەوە بە تەنها، بیری دەکردەوە وپەرستشی دەکرد بە شێوازی حەنیفیەتی پاك وبێ شیرك.

لە بەرامبـەردا هەرچـی کـرداری جـوان بـوو لـەو پەیامبـەرەدا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کۆیکردبووەوە -وەکو پێشتر باسمان کـرد-، تەنانـەت لە نێو قەومەکـەی خۆیشـی بـە ڕاسـتگۆی دەسـت پـاك: «الصـادق الأمين» ناوبانگی دەرکردبوو، هەڵبەت ئەمەش بـەهۆی ئـەو دەروون پاکی وڕاستگۆیی وڕەوشت جوانیـەی خۆیـەوە بـوو کـە قەومەکـەی لێیان بەدی دەکرد.

## قورەیش کۆکن لەسەر ڕێزداری پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێش بوونی بە پەیامبەر

تەنانەت کاتێك قوڕەیش کەعبـەیان بنیـات نایـەوە وگەیشـتنە دانانی بەردە ڕەشەکە، جیاوازی کەوتە نێوانیانەوە لەوەی کـێ بـەردە

ڕەشەکە دابنێت، هەتا ڕێککەوتن لەسەر یەکەمین کەسێك کە دێتە ژوورەوە بۆ لایان، ئەوەبوو بە ویستی خوا پەیامبەر ﷺ هاتە ژورەوە، ئەوانیش ووتیان: دەست پاکەکە هات وڕازی بوون بەوەی کە ئەم ئەو پیاوە بێت بەردەکە دابنێتە شوێنی خۆی.

خۆشەویست ﷺ ڕۆیشت عابایەکی هێنا وبەردەکەی خستە ناوەڕاستی عاباکەوە وبە هەموو سەرۆك هۆزەکانی وت: هەر یەکە ولایەکی ئەو عابایە بگرن، پاشان بە دەستی موبارەکی خۆی بەردەکەی هەڵگرت ولە شوێنی خۆی داینا، ئەمەش لە تەمەنی سی وپێنج ساڵیدا بوو.

## ژنهێنانی دوای خەدیجە

دوای وەفاتکردنی خەدیجە، پەیامبەری خوا ﷺ سەودەی کچی زەمعەی هێنا، پاشان عائیشەی کچی ئەبوبەکری هێنا -لە نێو هەموو خێزانەکانی تەنها ئەم کچە، ئەوەکانی تر هەموویان بێوەژن بوون-، پاشان حەفصەی کچی عومەری هێنا، پاشان زەینەبی کچی خوزەیمەی کوڕی حارسی هێنا، وئوم سەلەمەشی هێنا کە ناوەکەی: «هیندی کچی ئومەیە»یە، زەینەبی کچی جەحشیشی هێنا، پاشان جوەیریەی کچی حارسی هێنا، پاشان ئوم حەبیبەی هێنا کە ناوی: «ڕەملە»یە، وتراویشە: «هیندی کچی

ئەبو سوفیان»، پاشان دوای فەتحی خەیبەر صەفیەی کچی حویەی کوڕی ئەحتەبی هێنا، پاشان مەیمونەی کچی حارسی هێنا، مەیمونەش دواهەمین خێزانی پەیامبەری خوایە صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ.

کەسێك دڵی هەبێ وکوێر نەبووبێ، لە ژنهێنانی پەیامبەر صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ بە جوانی ئەوەی بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە پەیامبەر صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ پیاوێکی ئارەزوو باز نەبووە، هەروەك زۆرێك لە ناحەز ومونافیق وعەلمانیەکان وڕێنەی دەکەن، کەسێك ئارەزوو باز بێت ئەڕوا ژنێ دێنێ کە دوو شووی کردوە -کە خەدیجە وصەفیە ومەیمونەی کچی حارسی دوو شووی تریان پێش پەیامبەر صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ کردوە-!! لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك خێزانی بیست ساڵ لە خۆی گەورەتر بووە، لەگەڵ ئەوەشدا پەیامبەر ﷺ لە لاوێتیدا بووە، -کە خەدیجەی هێناوە لە تەمەنی بیست وپێنج ساڵیدا بووە-، سەرباری هەموو ئەمانەش هەموو ژنەکانی بێوەژن بوون تەنها عائیشە نەبێت.. هتد، ئەمانە هەمووی بەڵگەی ڕوونن بۆ کەسێك دڵی هەبێت وزیندو بێت: ﴿أَفَلَمۡ يَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَتَكُونَ لَهُمۡ قُلُوبٞ يَعۡقِلُونَ بِهَآ أَوۡ ءَاذَانٞ يَسۡمَعُونَ بِهَاۖ فَإِنَّهَا لَا تَعۡمَى ٱلۡأَبۡصَٰرُ وَلَٰكِن تَعۡمَى ٱلۡقُلُوبُ ٱلَّتِي فِي ٱلصُّدُورِ ٤٦﴾ [الحج] «ئەو چاوانە کوێر نین، نا، بەڵکو ئەو دڵانەن کوێرن کە لە ناو سنگەکانن».

## منالّەكانی پەیامبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

هەموو منالّـەكانی پەیامبــەریش صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لــە خەدیجــەن تەنها ئیبراهیم نەبێت، كە لە ماریەی قیبتیە، ومقەوقس بــە دیــاری بۆی ناردبوو، لە مەدینە لە دایك بوو ودوو سالّ كەم سێ مانگ ژیا.

**منالّەكانی:**

یەكەم: قاسم -كونیەكەی پەیامبەریش بەم ناوەوە بوو-.

پاشان: زەینەب -كچە گەورەی پەیامبەرە وخێزانی ئەبولعاصــی كوڕی ڕەبیع بوو كە پورزای خۆیەتی-.

- پاشان ڕوقیە -خێزانی عوسمانی كوڕی عەففانە-.

- پاشان ئوم كەلسوم -دوای ڕوقەیەی خوشكی، بوو بە خێزانــی عوسمانی كوڕی عەففان-.

- پاشان فاتیمە: -خێزانی عــەلی كــوڕی ئــەبو تالّبــە ودایكــی حەسەن وحوسەینی گەورەی گەنجانی بەهەشتە-.

وعەبدوللّا -تەییب وتاهیریشی پێ دەوترێت-.

كوڕەكانی هەمویان هــەر بــە منــالّی مــردن، بــەلاّم كچــەكانی هەموویان مان وگەیشتنە ئیسلام وموسلّمان بوون وكۆچیشیان كــرد، ئەوەندە نەبێ هەموویان هەر لــە ژیــانی پەیامبــەردا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

وەفاتیان کرد، فاتیمەیان نەبێ ڕەزای خوای لێبێ، شەش مانگ دوای پەیامبەر کۆچی دوایی کرد وچوە دیداری پەیامبەر صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ.

ئیمامی نەوەوی رحمه الله ئەڵێ: «فالـبنات أربـع بلا خلـاف، والـبنون ثلاثة على الـصحيح»، «کچەکانی پەیامبـەر صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ بـە ئیجمـاعی زانایـان چـوارن، کوڕەکانیشـی لەسـەر ڕای پەسـەند سیانن».

## گوزەرێکی خێرا بە ژیانی شەریفی پەیامبەری خوا صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ

### بوونی بە پەیامبەری خوا صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ

لە دووشەممەی یەکێك لە دە شەوی کۆتایی ڕەمەزان، لە تەمەنی چل ساڵیدا، وەحی لە ئاسمانـەوە نـازڵ دەبێـت بـۆ سـەر ڕەسـول الله صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ لە ئەشکەوتی «حیراء» لە شاخی «سەور»، جا ڕەسولی خوا صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ هەر کاتێك وەحی بۆ دابەزیایە زۆر قورس دەبوو لەسەری، دەم وچاوی دەگۆڕا، وناوچاوانی عەرەقی دەکرد.

کاتێك جوبرەئیل دابەزی پێی فەرموو: «بخوێنە ﴿ٱقۡرَأۡ﴾»، ئەویش فەرمووی: «خوێندەواریم نیە»، جوبرەئیل بە توندی پەیامبـەری خـوای صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ گوشارد هەتا مانـدو ونارەحـەتی کـرد، پاشـان پێـی فەرموو: «بخوێنە»، ئەویش فەرمووی: «خوێندەواریم نیـە»، دیسـانەوە

گوشاردیەوە، تا سێجار، پاشـان جوبرەئیـل فـەرمووی: «﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ١ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ عَلَقٍ ٢ ٱقۡرَأۡ وَرَبُّكَ ٱلۡأَكۡرَمُ ٣ ٱلَّذِي عَلَّمَ بِٱلۡقَلَمِ ٤ عَلَّمَ ٱلۡإِنسَٰنَ مَا لَمۡ يَعۡلَمۡ ٥﴾ [العلق] «ئەی محمد ﷺ بخوێنە بە نـاوی پـەروەردگارت کـە هـەموو شتێکی دروستکردووە، مرۆڤی دروسـتکردووە لـە خـوێن پارەیـەك، بخوێنـە پـەروەردگاری تـۆ بەخشـندەترین وبەڕێزترینـە، ئـەو پەروەردگارەی کـە بـەهۆی قەڵەمـەوە مرۆڤـی فێرکـردووە، مرۆڤـی شارەزا کردووە بەو شتانەی کە نەیدەزانی».

ئـیتر خۆشەویسـتی خـوا ﷺ گەڕایـەوە ماڵـەوە لای خەدیجـە رضي الله عنها، هـەموو گیـانی دەلـەرزا وفـەرمووی: دامپۆشـن.. دامپۆشن!! کە هەندێك هێور بوویـەوە بەسـەرهاتەکەی بـۆ خەدیجـە گێڕایەوە، ئەویش وتی: «نەخێر سوێند بەخوا، خوا هەگیز سەرشۆڕت ناکات، تۆ کەسێکی سیلەی ڕەحم دەگەیـەنی، ویارمـەتی لێقـەوماو وهەژار وهەتیوان دەدەیت، خێر دەبەخشیتە نەداران، ڕێـز لـە میـوان دەگریت...»(١٩).

دوای ئەم ڕوداوە تا ماوەی چـەند ڕۆژێـك وەحـی لـە ئاسمانـەوە پچڕا، لەوانەیە بۆ ئـەوەی بێتـەوە بـاری ئاسـایی خـۆی، ئـەو تـرس وبیمەی دایگرتبوو لە سەری بڕوا، لەم ماوەیەشـدا پەیامبـەری خـوا

(١٩) أخرجه البخاري في «صحيحه» (٣، ٣٣٩٢، ٤٩٥٣)، ومسلم في «صحيحه» (١٦٠).

صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ زۆر غەمبار ودڵتەنگ بوو، شەیدا وموشتاقی وەحی بوو، ئەوەبو جوبرەئیل لەسەر کورسیەك لە نێوان ئاسمان وزەویدا خۆی پیشانی پەیامبەری خوادا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. کە پەیامبەر ئەمەی بینی ترسا وگەڕایەوە بۆلای خەدیجە وفەرمووی: دامپۆشن، بمپێچنەوە، ئەوەبوو ئەم ئایەتانە هاتنە خوارەوە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمُدَّثِّرُ ١ قُمۡ فَأَنذِرۡ ٢ وَرَبَّكَ فَكَبِّرۡ ٣ وَثِيَابَكَ فَطَهِّرۡ ٤﴾ المدثر]، «ئەی ئەو کەسەی خۆی پێچاوەتەوە، هەستە خەڵکی بێدار کەرەوە، پەروەردگارت بەگەورە وتەنها ڕابگرە، جل وبەرگەکانت پاك بکەوە وخۆت لە خراپە بە دوور بگرە».

خوای پەروەردگار لەم ئایەتانەدا فەرمانی پێ ئەکات کەوا ئوممەتەکەی خۆی بێدار بکاتەوە وبیانترسێنی وبانگیان بکات بۆ لای خوا، ئەویش پشت بەخوا پێی هەستا وقۆڵی لێهەڵماڵی وناوقەی بۆ توند کرد، هەستا بە گەیاندنی بە باشترین شێوە، بانگی ڕەش وسپی، پیر وگەنج، منداڵ وگەورە، ژن وپیاو، بەندە وئازادی کرد، ئەوەبوو سوپاس بۆ خوا لەنێوان هۆز وخێلەکاندا خەڵکانێکی چاك ئیمانیان پێهێنا وهاتنە نێو ئیسلامەوە.

بەڵام نەفس نزمەکانی مەککە دەستیان کرد بە دژایەتی کردنی وئازاردانی وسزادانی خۆیی وئەوانەشی ئیمانیان هێنا.

بەڵام خوای پەروەردگار بەهۆی ئەبو تالبەوە کە مامی پەیامبەرە ویەکێکە لە ناودارەکانی قورەیش وگوێی بۆ دەگیرا وبەقسەی دەکرا، بەهۆی ئەوەوە پەیامبەرەکەی ﷺ پاراست لە هەندێك لەو ئەشکەنجانە. لەبەر ئەبو تالب نەیاندەوێرا ئازاری پەیامبەری خوا ﷺ بدەن، چونکە دەیانزانی ئەبو تالب چەند پەیامبەری خوای ﷺ خۆش دەوێ.

## بانگەواز لە سەرەتاوە نهێنیە

دوای دابەزینی ئەو ئایەتانەی سورەتی «المدثر» کە فەرمان دەکات بە پەیامبەر ﷺ بانگەوازی خەڵك بکات بۆ لای خوا ﷻ، جا: لەبەر ئەوەی قەومەکەی خەڵکێکی وشکن وهیچ دینێکیان نەبوە لە بت پەرستی نەبێت. لەبەر ئەوەی هیچ بەڵگەیەکیان نیە لەوە نەبێ باب وباپیریان لەسەر ئەوە بینیوە. لەبەر ئەوەی هیچ ڕەوشتێکیان نیە لە دەمارگیری وغیرەی عەشایەری نەبێ. لەبەر ئەوەی هیچ ڕێگایەکیان نیە بۆ چارەسەری کێشەکان، شمشێر نەبێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لە پێشەوە بوون بۆ ئەوەی پێشەوایەتی دینی لەسەرجەم دوورگەی عەرەبیدا بگرنە ئەستۆ.

لەبــەر ئەمانــە وجگــە لەمانــەش حیکمــەت وابــوو لەبەرانبــەر ئەوانەدا بانگەواز لە سەرەتادا نهـێنی بێـت، بــۆ ئــەوەی لــە ناکــاو شتێکی وا ڕووبەڕوی خەڵکی مەککە نەکاتەوە بیان وروژێنێت.

## بانگەواز ئاشکرا دەکرێت

دوای ئەوەی هەندێك موسڵمانان خۆیــان گــرت وگەیشــتنە ئــەو ئاستە لە ژمارە ودامەزراوی ئیمانەوە شان بدەن بە ژێر ئەم بانگەوازە پیرۆزە، ئایەت دابــەزی فــەرمانی کــرد بانگــەواز ئاشــکرا بکرێــت، یەکەمین ئایەتێکیش لەم بارەیەوە دابەزی بریتی بو لە ئایەتی: ﴿وَأَنذِرۡ عَشِيرَتَكَ ٱلۡأَقۡرَبِينَ ﴿٢١٤﴾﴾ [الشعراء].

ئەوەبو پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَسَلَّمَ بانگــەوازی ئاشــکراکرد، وەکو وەڵامێکیش بۆ فەرمانی پەروەردگارەکەی کــە داوای لێــدەکات ئاشکرای بکــات وپێشــتریش خزمــە نزیکــەکانی ئاگــادار بکاتــەوە، سەرکەوتە ســەرکێوی صــەفا وهــاواریکرد: «یــا صــباحاه» -ئەمــەش ڕستەیەکە لە کاتی هێرشهێنانی دوژمــن یــان ڕودانــی کارەســاتێکی گەورەدا دەوترا-، پاشان دەستی کرد بە بانگکردنی دانــە بــە دانــەی خێڵە قوڕەیشیەکان: «ئەی خێڵی فەهر، ئەی خێڵی عامر، ئەی خێڵی فلان...».

ئەوانیش ووتیان: ئەو بانگە کێیــە؟ ووتیــان: محمدﷺە. خــەڵك بــە پەلە بەرەو ڕووی دەنگەکە کەوتنەڕێ، تەنانەت ئەوەی پێــی نەکرایــە خۆی بڕوا یەکێکی لەبری خۆی دەنارد، ئەوەندەی پــێ نەچــوو خــەڵك لەدەوری کۆبونەوە.

ئەویش فەرمووی: ئەگەر پێتان بڵێم سـوپایەك لــەو دیــوی ئــەو شاخەوەیە وبەرەو ئێرە دێت، بڕوام پی ئەکەن؟

ئەوانیش ووتیان: درۆمان لێت نەبینیوە، لە ڕاستی زیاتر نەبیٚ.

ئــەویش فــەرمووی: ئــەی خەڵکینــە بەڕاســتی مــن پەیامبــەر ونێرداوی خوام وترسێنەرم بۆ ئێوە بە تایبەت وبۆ خەڵکی بە گشتی، وسزایەکی توند بۆ سەرپێچی کەرانم ئامادەکراوە.

ئەبولەهــەبیش لــەو کاتــەدا ئامــادەبوو ووتــی: «تَبّــاً لَــكَ أَلِهَــذَا جَمَعْتَنَا؟!» «لەناوبچیت، ئا لەبــەر ئەمــە کۆتکردینــەوە؟»[20]، خــوای گەورەش بەرگری لە پەیامبەر کرد وئەم ئایەتانــەی نــاردە خــوارەوە: ﴿تَبَّتْ يَدَآ أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ ۝١ مَآ أَغْنَىٰ عَنْهُ مَالُهُۥ وَمَا كَسَبَ ۝٢ سَيَصْلَىٰ نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ ۝٣ وَٱمْرَأَتُهُۥ حَمَّالَةَ ٱلْحَطَبِ ۝٤ فِي جِيدِهَا حَبْلٌ مِّن مَّسَدٍۭ ۝٥﴾ [المسد]. «لە نــاو بچــێت هــەر دوو دەستی ئەبو لەهەبی کوڕی عەبدولموتــەللیب ولــە نــاویش چــوو، ئەمەش بە دۆڕانی کار وکردەوەکانی، چونکە دژایــەتی پەیامبــەری

---

(٢٠) أخرجه البخاري في «صحيحه» (٤٨٠١)، ومسلم في «صحيحه» (٢٠٨).

خوای صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەكرد وئازاری دەدا ﴿١﴾ چ سـودێكی پێگەیانـد ماڵ وسامانەكەی؟! نە سزایەكیان لێ دوور خستەوە ونە ڕەحمەتێكیان بەسەریدا هێنا ﴿٢﴾ بێگومان لە ڕۆژی دواییـدا دەخرێتـە نێـو ئـاگری بڵێسەدارەوە ولە توندی لە سزاكەی دەچەژێت ﴿٣﴾ ئوم جەمیلی ژنیشی كە ئازاری پەیامبەری خوای دەدا، دار ودڕكی دەخستە سـەر ڕێگـای ﴿٤﴾ گوریسێكی موحكەم (بـادراو وچـنراو لـە پـەلی خورمـا) وا لـە گەردنیدا پێی یەلكێش دەكرێت بەرەو ئاگر».

## ئابڵۆقەدان بۆ ماوەی سێ ساڵ

زیانەكانی بێ باوەڕان گەیشتە ڕادەیەك، بە تایبەت دوای ئەوەی بینیـان بانگـەواز زیـاتر تەشـەنە دەكـات وخـەڵكی زیـاتر شـوێنی دەكەوێت، لـە شـێوی ئـەبو تاڵبـدا ئابڵۆقـەیان خسـتە سـەر خـۆی وخانەوادەكەی (خانـەوادەی موتـەللیب وخانـەوادەی عەبـد مـەناف وخانەوادەی هاشم) بە بڕوادار وكافریانەوە، كە نە ژنیـان لـێ بهێـنن ونە قسەیان لەگەڵدا بكەن ونـە لـە گەڵیانـدا دابنیشـن، ونـە كـڕین وفرۆشتنیان لەگەڵدا بكـەن، ئەمـەش سـێ سـاڵی خایانـد، كـە لـە ئابڵۆقەدانەكە هاتە دەرەوە تەمەنی چل ونۆ ساڵ بوو.

## ساڵی دڵتەنگی

لـە مـانگی ڕەجـەبی سـاڵی دەی پەیامبەرایـەتی، واتـە چـەند مانگێك دوای ئابلۆقەدانەکە، ئەبوتاڵب وەفاتی کرد، ئەو ئەبوتاڵبەی کە قەڵایەکی سەخت بوو بۆ بانگەوازی ئیسلامی، قـەڵغانێکی پتـەو بوو لە دژی کافرانی قوڕەش. تەنانـەت دەگێڕنـەوە پەیامبـەری خـوا صەلات وسەلامی خوای لەسەر بێت فەرمویێتی: «ئـەی مامـە هـەر زوو هەستم بە نەمانت کرد!».

هەر دوا بە دوای کۆچکردنی ئەو وپاش تێپەڕ بوونی ماوەیـەکی کەم دایکە گەورەی ئیمانداران خەدیجەی کچی خوەیلـد ڕەزای خـوای لێبێ وەفاتی کرد، ئەو خەدیجەیەی کە یەکێك بوو لـە نیعمەتـەکانی خوای مەزن بەسـەر پەیامبـەرەوە صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، نزیکـەی چارەکە سەدەیەك ئەو ئافرەتە لە ساتە ناسەکەکاندا پشت وپەنا بوو بۆی، لـە کاتـە ڕەقەکانـدا نـەرمونیان بـوو بـۆی، لـە وەختـە ناڕەحەتەکانـدا ئاسودەکار بوو بۆی، لە حاڵەتی غەریبیدا بۆ گەیانـدنی پەیامەکـەی هاوکار بوو بۆی، بە ماڵ وسامانی چەترێك بوو بۆی.

ئەم دوو ڕوداوە گەورەیە کە لە ماوەیەکی کەمدا ڕویاندا، ئـێش وئـازار وغـەم دڵ وجەسـتەی پەیامبـەریان صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ جۆشـان، قەومەکەی دەستیان کرد بە ئازاردانی، تەنانەت وای لێهات ڕۆیشـت

بۆ تائیف بەڵکو یەکێکیان تێدا بێت شان بداتە ژێر ئـەم بانگـەوازە، ئـەوەبوو بـە خـراپترین شـێوە وەڵامیـان دایـەوە، تەنانـەت ئـەڵێن بەردبارانیان کردوە.

ئەم غەم ودڵتەنگیانە لەسەر دڵی رسـول الله صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ بـە نەفس ماڵ ومناڵەوە بە قوربانی بم، کۆبوویەوە، هەربۆیە ناونرا ساڵی دڵتەنگی.

## ئێش وئازار زۆر دەبێ وکۆچ بەرەو حەبەشە دەکرێت

بەڕاستی پەیامبەری خوا صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ لەلایـەن قەومەکەیـەوە ڕووبەڕووی جۆرەها ئازار وئەشکەنجە ونارەحەتی بوویەوە، بەڵام هـەر ئارام وخۆڕاگر بوو، وچاوەڕوانی پاداشـت بـوو لەلایـەن خـواوە جَلَّجَلَالُهُ. ئەشکەنجەدان دریژەی کێشا وسەختگیر بوو، بە گاڵتە پێکردن وسـوك تەماشاکردن وبە درۆخستنەوە وپێ پێکەنین، بەشێوازێك کە ژیانیـان لێ تاڵکرد وبێ زاریان کرد.

تـا کـار گەیشـتە ئـەوەی پەیامبـەری خـوا صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ فەرمانیدا بە هاوەڵانی کۆچ بکەن بۆ حەبەشـە ولەدەسـت ئـەم زوڵـم وزۆرە ڕزگاریـان ببـێ، چـونکە لـەوێ پادشـایەکی دادگـەری لێیـە، ئەوەبوو زۆربەی ئەوانەی کـە موسـڵمان بـوو بـوون بـەرەو حەبەشـە کەوتنە ڕێ.

هەروەها لە هەر دوو صەحیحەکەدا هاتووە: «ڕۆژێك پەیامبەری خوا ﷺ نوێژی دەکرد وهەندێك ناوسکە ووشتر لـەو دەورە فڕێ درابوو کە عوقبەی کوڕی ئەبی موعیت بینی پەیامبـەری خـوا ﷺ نویژ ئەکات، ئـەو پیسـیەی هـەڵگرت خسـتیە سـەر پشتی موبارەکی پەیامبەر ﷺ، ئەویش لە سوژدەدا هـەر سەری بەرز نەکردەوە، تا فاتیمەی کچی هات ولەسەر پشتـی لایـدا، ئـەوەبوو پەیامبـەر ﷺ لەوکاتـەدا فـەرمووی: «ئـەی پەروەردگارا ئەم کۆمەڵەی نێو قوڕەیش لەناو بدەی (سێ جار)»[٢١].

هەر لە صەحیحی بوخاریدا هـاتووە: «ڕۆژێـك عوقبـەی کـوڕی ئەبی موعیت شانی پەیامبەری ﷺ زۆر بە تونـدی گـرت وکراسـەکەی لـە ملیـدا جەڕانـد، وەختبـوو بیخنکـێنێ، ئـەوەبوو ئەبوبەکر هات وپێگەیشت وپاڵێکی نا بـە عوقبـەوە ووتـی: ﴿أَتَقْتُلُونَ رَجُلًا أَن يَقُولَ رَبِّيَ ٱللَّهُ وَقَدْ جَآءَكُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ مِن رَّبِّكُمْ...﴿٢٨﴾﴾ [غافر]. «پیاوێك دەکوژن تەنها لەبەرئەوەی ئەڵێ: پەروەردگارم ٱللَّهُ یە»».

## بەزەیی وڕەحمەتی پەیامبەری خوا ﷺ بۆ ئوممەتەکەی

دوای ئەوەی ئەبوتاڵبی مامی وخەدیجەی خێزانی وەفاتیـان کـرد -وەك باسـکرا-، قـوڕەیش دەسـتیان کـرد بـە ئـازاردانی وتـەواو

(٢١) أخرجه البخاري في «صحيحه» (٢٤٠، ٥٢٠، ٢٩٣٤)، ومسلم في «صحيحه» (١٧٩٤).

ناڕەحەتیان کرد، ئەوەبوو ڕۆیشت بۆ تائیف بە مەبەستی بـانگکردنی خێڵەکانی ئەو ناوچەیە بۆ ئیسلام، بەڵکو ڕێگەی بکەنـەوە ولـەوێوە بانگەوازەکەی پەرە پێ بدات، بـەڵام وەڵامیـان نەدایـەوە، تەنانـەت دەسـتیانکرد بـە گاڵتـەپێکردن وڕابـواردن وئـازاردانی، تەنانـەت بەردیشیان تێگرت، هەتا ئەوەبوو خوێن لە پشـتی موبـارەکی هاتـە خوارەوە.

ئـا بـەو شـێوەیە ودوای ئـەو هـەموو ئەشـکەنجەیە، بـە دڵـی شکاوەوە، بە کۆڵێ خەم وخەفەتەوە، بەو پەڕی دڵسـوتاویەوە، بـەرەو مەککە گەڕایەوە.

پەیامبـەری خـوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خـۆی چـیرۆکی تائیفمـان بـۆ دەگێڕێتـەوە، ئـەو چـیرۆکە چـەند خـۆش بێـت کـە خـۆی بۆمـانی بگێڕێتەوە ئەفەرموێ: لە تائیف دەرچـوم، بـەڵام زۆر غـەمبار وبـێ تاقەت بووم، هۆشم لای خۆم نەمابوو، هەر کە بە ئاگا هـاتم، بینـیم وام لە ناوچەی قەرنی سەعالیب «قَرْنُ الثَّعَالِبِ» کە سەرم بـەرزکردەوە بینیم وا پەڵە هەورێك خۆی کردۆتە سێبەر بۆم، تەماشامکرد بینـیم جـوبرەئیلی تێدایـە، بـانگی لێکـردم وفـەرمووی: بەڕاسـتی خـوای پەروەردگار بیستی قەومەکەت چیان وت وچیان کرد، چیان پێ وتـی وچیان پێ کردی، وا مەلائیکەتی شاخەکانی بۆ ڕەوانە کـردوی، جـا

چیت پێ خۆشە فەرمانی پێ بکە، فریشتەی شاخەکان بانگی لێکردم وفەرمووی: خوای گەورە منی بۆلای تۆ ڕەوانە کردوە جا چیت پێ خۆشە فەرمانم پێ بکە، ئەگەر ئەتەوێت ئەم دوو کێوەت لە بۆ دەدەم لەیەك -تائیف لە نێوان دوو کێودایە- تەنها ئەمر بفەرمە!

بەلاّم ئەو خۆشەوستە، ئەو بەڕەحمە، ئەو دلّسۆز وبەسۆزە، -سەلات وسەلامی خوای لەسەر بێ- فەرمووی: «بَلْ أَرْجُو أَنْ يُخْرِجَ اللهُ مِنْ أَصْلَابِهِمْ مَنْ يَعْبُدُ اللهَ وَحْدَهُ لَا يُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا» «نا، بەلّکو ئومێدەوارم لەوەچەی ئەمانەدا خوای گەورە خەلّکانێك دەربهێنێ بە تەنها بیپەرستن وهاوبەشی بۆ قەرار نەدەن»[٢٢].

نموونەی تری بەزەیی هاتنەوەی بە ئوممەتەکەی گەلێك زۆرە.

## ئیسرا ومیعراج

پێش کۆچکردن بۆ مەدینە ڕویدا ونوێژی تێدا فەرز کرا.

ئەمەش بریتی بو لە شەوڕەوی پێکردنی پەیامبەر ﷺ بەرەو قودس، ئەمەش پێی دەوترێت ئیسرا، لەوێشەوە بەرز کرایەوە بەرەو ئاسمانەکان، ئەمەش پێی دەوترێت میعراج.

چەندین ئایەت ونیشانەی گەورەی تێدا پیشاندرا.

---

(٢٢) أخرجه البخاري في «صحيحه» (٣٢٣١، ٧٣٨٩)، ومسلم في «صحيحه» (١٧٩٥).

## هەردوو عەقەبەکە

پەیامبەری خوا صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ لە هەموو مەوسمێکدا کە هۆز وتیرەکان ئەهاتن بۆ مەککە، دەڕۆشت بۆ لایان وئیسلامی عەرز دەکردن، لە مەوسمی حەجدا بوو لە ساڵی یانزەدا چاوی کەوت بە شەش کەس لە خەڵکی مەدینە، وبانگی کردن بۆ ئیسلام، ئەوانیش بانگەوازەکەیان وەرگرت وڕازی بوون، وبوون بە موسڵمان، پاشان گەڕانەوە شارەکەی خۆیان وبانگەوازەکەیان گەیاند بە هەموو خەڵکی ناوچەکە.

پاشان لە عەقەبەدا لەمینا، لە مەوسمی حەجدا، ولەساڵی دوانزەی پەیامبەرایەتی، پەیامبەری خوا صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ پەیمانی یەکەمی عەقەبەی لەگەڵ دوانزە پیاوی خەڵکی مەدینە بەست، پاشان یەکەم سەفیری ئیسلام موصعەبی کوڕی عومەیری ڕەوانە کرد بۆلایان تا فێری دینیان بکات.

پاشان هەر لە عەقەبەدا پەیمانی دووەمی عەقەبەی لەگەڵ حەفتا وقسور موسڵمانی خەڵکی مەدینە بەست، ئەم دوو پەیمانەش بە نهێنی ڕوویاندا. یەکەمیان ساڵی دوازدە وئەوەکەشیان ساڵی سیازدە.

## کۆچکردن بەرەو مەدینە

دوای ئەمانــە پەیامبــەری خــوا ﷺ فەرمانیــدا بــە کۆچککردن بۆ مەدینە، ئیتر هاوەڵان بــەرە بــەرە دەســتیان کــرد بــە کۆچکردن.

دوای هــاوەڵان، لــە بیســت وحــەوتی مــانگی صــەفەری ســاڵی سیازدەی پەیامبەرایەتی ﷺ، وتراویشە: چــواردە، خــۆیی وئەبوبــەکر بــەرەو مەدینــە کەوتنــە ڕێ، ســەرەتا لــە ئەشــکەوتی «سەور»دا سێ ڕۆژ مانەوە پاشان بەرەو مەدینە کەوتنە ڕێ، ئــەوەبوو خەڵکەکــە زۆر بــە خۆشــحاڵیەوە هاتنــە پێشــوازیانەوە وبەگــەرمی خێرهاتن کران.

## دروستکردنی مزگەوت

یەکەم کاری پەیامبەر ﷺ دوا بە دوای گەیشتنی بــە مەدینە بریتی بوو لــە دروســتکردنی مزگــەوت، ئەمــەش نیشــانەی گەورەیی ومەزنی وبایەخداری مزگەوتە.

خۆیشی یارمەتی هاوەڵەکانی دەدا لە کاتی دروستکردنەکەیدا.

## برایەتی خستنە نێوان کۆچبەران وسەرخەران

هــەروەها هەســتا بــە برایــەتی خســتنە نێــوان موهــاجیرین وئەنصارەوە، ئەو کارەی کە مێژوو بە فەخرەوە باسی لێوە دەکات.

برايەتيەكەش بريتى بوو لەوەى: پەيامبەرى خوا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، بەشێكى كۆچبەران كى ژمارەيان چل وپێنج كۆچبەر بوو كرد بە براى چل وپێنج لە پشتيوانان. تەنانەت ميراتيشيان لە يەكتر دەبرد. تا دوايى ئەمە نەسخەوە بوو.

## دەستووری مەدینە

دواى ئەم كارانە ودواى ئەوەى پەيوەندى ڕۆڵەكانى موسڵمانى پێكەوە توند وتۆڵكرد، هەستا بە توندوتۆڵكردنى پەيوەندى لەگەڵ غەيرە موسڵمانەكاندا، نزيكترين غەيرە موسڵمانيش لەو سەردەمەدا لە ڕوى شوێنەوە جولەكەكان بوون، هەستا پەيماننامەيەكى لەگەڵ مۆركردن وبە دەستوورى مەدينە بەناوبانگە. لە بەندەكانى ئەوەبوو جولەكە پشتگيرى موسڵمانان بكەن لە كاتى شەڕ وڕووبەڕووبوونەوەدا.

## ڕێگە بە جیهادکردن دەدرێت

دواى ئەوەى پەيامبەرى خوا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بەرە بەرە دەوڵەتى ئيسلامى بونيادنا، قوڕەيش هەستيان بە مەترسى كرد، هەربۆيە هەوڵەكانيان بەردەوام بوو بۆ ڕووخاندنى ئەوەى پەيامبەرى خوا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بونيادى نابو وبە دەستى هێنا بو، وازيان لە زوڵم وزۆرى خۆيان نەهێنا، بۆيە وەكو ڕێگرێيەك لە دەستدرێژى قوڕەيش،

ئیزنیان پێدرا بە جیهادکردن لە دژی ئـەو کافرانـەی کـە سـتەمکار بوون، وموسڵمانانیان لەماڵ وزێدی خۆیـان شـاربەدەر کـرد، یەکـەم ئایەتێکیش لەو بارەوە کە وەکو دەستپێکی ئایەتەکانی جیهاد هاتـە خـــوارەوە: ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا۟ۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ ٣٩﴾ [الحـج] بـــوو، «ڕێگە درا بـەو موسـڵمانانەی کـە سـتەملێکراون وشـەڕیان لەگـەڵ دەکرێـت، بـەوەی جیهـاد بکـەن وبجـەنگن، بێگومـان خـوا لـە بـۆ سەرخستنیان زۆر بە توانایە».

ئەمـەش یەکـەمین ئایەتێکـە لـەبارەی جیهـاد وبەگژاچـونەوەی بێبـاوەڕان دادەبـەزێت، پـێش دابـەزینی ئـەم ئایەتـە، جیهـادکردن ڕێگەپێدراو نەبوو.

## جەنگەکان

پەیامبەری خـوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لـە «بیسـت وحـەوت» غـەزادا بەشداری کردووە، لە «نۆ» دانەیاندا بەشداری کردووە وجەنگاوە، کـە بریتین لە:

بەدر، ئوحود، خەندەق، قورەیزە، مورەیسـیع، خەیبـەر، فـەتحی مەککە، حونەین، تائیف، هەروەها پەنجا وشەش سیریەشی ناردووە.

# حەج وعومرەکانــی

لە پاش ئەوەی کۆچی کرد بۆ مەدینــە، تــەنها یــەکجار حــەجی کرد، ئەویش بە حەجی ماڵئاوایی ناسراوە.

**بەڵام چوار عومرەی کردووە:**

**یەکــەمیان:** عــومرەی حودەیبیەیــە، ئــەو عومەرەیــەی کــە موشریکەکان ڕێگریان لێکرد ونەیانهێشــت بڕواتــە نــاو مەککــەوە، ئەمەش لە ساڵی شەشەمی کۆچیدا بوو.

**دووەمیان:** عومرەی «قــەزا»، دوای ئــەوەی ڕێگــری لێکــرا، لــە ساڵی داهاتوو ولە هەمان مانگی زیلقەعدەدا هاتەوە وعەمرەی خۆی کرد.

**سێیەمیان:** عــومرەی جیعرانــە، دوای جــەنگی تــائیف، هــەر لێرەشدا دەستکەوتی حونەینی بەخشیەوە.

**چوارەمیان:** ئەو عومرەیەی کە لەگەڵ حەجەکەدا بەجێی هێنــا.

هــەمو عومرەکانیشــی چــوارەمیان نــەبێت هــەموی لــە مــانگی زیلقەعدەدا بوە.

## ڕوخسار وشێوازی پەیامبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (٢٣)

پەیامبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بالآی مام ناوەند بوو، نە کورتە بالآ ونە درێژ بوو. دەم وچاو وڕووی گەشاوە بوو وەکو مانگی شەوی چواردە، هاوەڵان ئەڵێن: لە ئەوەش جوانتر بووە، ڕەنگی سپی بوو، سپیەکی دەمەو (مەیلەو) سوور، ڕەشی چاوەکانی تۆخ بوو، قژی تا لای گوێکانی درێژبوو، تەڵە مووە سپیەکانی ڕیشی بیست تەڵێك بوو، سنگ وسکی مووی ئەوەندە زۆر نەبوو کە داپۆشێت، بەڵام هەندێك مووی هەبوو لە ناوەڕاستی سنگەوە بۆ سەر سکی.

تەوێڵ وناوچەوانی گەورە بوو، برۆکانی باریك بوو بێ ئەوەی بە یەکەوە نووسابن، لووتی شەریفی باریك بوو لەگەڵ درێژیەکدا، ولە ناوەڕاستەوە بەرز بوو، ودیوی خوارەوەی (نەرماییەکەی باریك بوو)، ئەگەر کەسێك لێی ورد نەبوایەتەوە وای دەزانی لووتی باریکە بێ هیچ بەرزیەك لەسەر تا خوار. واتە: بەرزیەکی زۆر جوان لە لووتی شەریفیدا هەبوو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. گۆناشی لووس بوو، دەمی فراوان بوو، ددانەکانی شاش بوو، لە نێو شانەکانیدا مۆری پەیامبەرایەتی هەبوو.

---

(٢٣) ئەمەش پێی دەوترێت: شەمائیل، بۆ زیاتریش لەسەر شەمائل وسیفات وشێواز وڕوخساری خۆشەویست، بڕوانە: شەرحی بەندە بۆ کتێبی: «الشمائل النبوية» للترمذي، کە لە سایتی: www.ali-xan.com وکەناڵی یوتیوبەکەدا دەست دەکەوێت.

## ڕەوشتی پەیامبەری خوا ﷺ

پەیامبەری خوا ﷺ جوانترین خوو ڕەوشتی هەبوو، وەك عائیشە ئەڵێت: «كَانَ خُلُقُهُ الْقُرْآنَ» «ڕەوشتی پەیامبەر ﷺ قورئان بوو»[٢٤]. لەبەر قورئان تووڕە دەبوو لەبەر ئەویش ڕازی دەبوو، هەرگیز لەبەر خاتر نەفسی خۆی تووڕە نەدەبوو ولە پێناویشیدا تۆڵەی نەدەكردەوە، مەگەر سنوور خوا بشكێنرایە، كە تووڕەش ببوایە كەس بەرگەی تووڕەیی وی نەدەگرت.

كە بێدەنگ ببوایە هەیبەتی پێوە بوو، كە قسەی بكردایە یەك پارچە سەنگینی بوو. جوانترین وقەشەنگترین كەس بوو، قسەی شیرین وخۆش بوو، كە گوێت لێ دەگرت حەزت دەكرد بەردەوام بێت، وشەكانیت وەك خۆی لەبەر دەكرد ئەمەندە بە سەنگینیەوە دەدوا.

ڕاستگۆترین وئازا وزیرەكترین وجوامێرترین ومەردترین ودلێرترین ونەبەردترین ونەبەزترین وكۆڵنەدەرترین، وبەڕێزترین وخاكیترین وسەخیترین كەس بوو. هەرگیز نەیدەوت: نە.

زۆر نەرم ونیان بوو.

---

(٢٤) بڕوانە كتێبێكی بەندە لە ئەو بارەوە، بە ناونیشانی: «وەفا وئەمەكداری پەیامبەری خوا ﷺ».

بــه ڕێــزەوە تێكــەڵی خــەڵكی دەكــرد وهەڵســوكەوتی لەگەڵــدا دەكردن، لەگەڵ وەفا وئەمەكێكی بێ وێنەدا[٢٥]، وچاكەی چـاكەكاری لە بیر نەدەكرد، بەشەرم وحەیاترین كەس بوو بە شــەرمتر لــە كچــی عازەب لە شوێنی مانەوەیدا. چاوی بەڕەڵا نەدەكرد بە ئەمدیو وئــەو دیودا.

دیاری وەردەگرت وپاداشتیشی لەسەر دەدایەوە، نــە صــەدەقەی وەردەگرت ونەدەیخوارد.

دینارێكی لەماڵەوە هەڵ نەدەگرت، ئەگەریش شتێك بمایەتــەوە وشەوی بەسەردا بهاتبایە نەدەگەڕایەوە تا دەیبەخشی.

لە ئەوەی خوا پێی دەبەخشی هیچــی هەڵنــەدەگرت مەگــەر بــۆ خێزانەكانی، بەشی یەك ساڵی بۆیان جیا دەكردەوە لە جۆ وخورما.

خواردن وخواردنەوەی وەك هی كۆیلەكانی بوو. هەر چ خواردنێك ئامادە بوایە دەیخوارد وفیزی نــەدەكرد، چــونكە نیعمــەتی خــوای لا گەورە بوو با بچوكیش بوایە، وعەیبداری نەدەكرد. ئەگەریش حــەزی لێ نەكردایە وەلای دەنا وهیچی نەدەفــەرمو، وعـەیبــداری نــەدەكرد، هەرچیش ئامادەبووایە وهەیانبوایە هەڵی نەدەگرت، كە هیچیشــیان

---

(٢٥) بڕوانە كتێبێكی بەندە لــە ئــەو بــارەوە، بــە ناونیشــانی: «وەفــا وئەمەكــداری پەیامبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ».

نەبوایە بۆ خواردن نە دەگەڕا وسەبری دەگرت، نەبەڕاکشانەوە، ونە لەسەر مێزی نانخواردن نانی دەخوارد، جاری واهەبووە مانگێك ودووان وسیان تێدەپەڕی ئاگرێك لە ماڵەکەیدا نەدەکرایەوە. خواردنیشیان تەنها ئاو وخورما بوو، جار وباریش شیری کاسەهاوسێ ئەنصاریەکان بوو. بۆیە دونیا نەویستترین وخاکیترین وبێ فیزترین کەس بوو.

هەر لەو ڕەوشتانە بەرزانەی دانیشتنی بوو لەگەڵ هەژار ونەدار ولێقەوماو وداماواندا.

سەردانی نەخۆشی دەکرد وشوێنی جەنازەش دەکەوت. وەڵامی داوەتی گەورە وگچکە وهەژار ودەڵەمەندی دەدایەوە. قاپی بۆ پشیلە دادەنواند بەرزی نەدەکردەوە تا تێری لێ دەخوارد. وەکو ڕەحمەتێك بە ئەو ئاژەڵە.

لە ڕەوشتە هەرە بەرزەکانی تری -وهەموو ڕەوشتەکانیشی هەر بەرزن-، خاوەن گفت وبەڵێنی خۆی بوو، لە ئەمەشدا کافر وموسڵمانی نەدەکرد، پەیمانی ببەستایە پیاوی خۆی بوو.

بەڕێزترین کەس بوو، بە پێش چاوی یارانیەوە پێی دەرێژ نەدەکرد، هەر کەس یەکەمجار بیبینیایە سامی لێدەکرد، کێش تێکەڵاوی بکردایە خۆشی دەویست.

هەواڵی یارانی خۆی دەپرسی، کامیان نەخۆش بوایە سەری لێدەدا، کامیان دیار نەبوایە دوعای بۆ دەکرد، ئەوەیان بمردایە نوێژی لەسەر دەکرد وشوێنی جەنازەکەی دەکەوت ودوعای بۆ دەکرد وداوای دوعاکردنی بۆ دەکرد.

هەروەها حەزی لە هەژاران بوو، لەگەڵیاندا دادەنیشت، وبەشداری مەراسیمی ناشتنیانی دەکرد، وئەگەریش ئاگاداریان نەکردبایەتەوە، خۆی دەچووە سەر گۆڕەکەی نوێژی لەسەر دەکرد ودوعای بۆ دەکرد، بە چاوی کەم سووك تەماشای نەدەکرد.

بە هەر کەس بگەشتایە پێشتر سەلامی لێدەکرد.

ڕێزی لە هاوسێکانی دەگرت، وبە دەم میوانەوە دەڕۆیشت.

دەم بە بزگە بوو، لە هەموو کەس زیاتر تێکەڵاوی کردنی خۆشتر بوو. هەر هاوەڵێك وای دەزانی پەیامبەری خوا ﷺ ئەوی لە هەموو کەس زیاتر خۆشدەوێت، هەر کام لە یارانی ببینیایە هەمیشە بە دەمیەوە پێدەکەنی.

هەرگیز لە نێوان دوو کاردا سەرپشك بکرایە مەگەر ئاسانەکەی هەڵدەبژارد، مەگەر تاوان بوایە.

پێڵاوی خۆی چاك دەکردەوە وکەل وپەلی خۆی پینە دەکرد.

سواری ئەسپ وهێستر وگوێدرێژ دەبوو، خەڵکیشی لە دوای خۆیەوە سەر دەخست[٢٦].

حەزی لە گەشبینی بوو، قاری لە ڕەشبینی وغەڕی وشوومی کردنەوە دەهات.

بیانووی خاوەن بیانووی قەبوڵ دەکرد وداوای لێ بووردنی ڕەد نەدەکردەوە. وەڵامی خراپەشی بە خراپە نەدەدایەوە، بەڵکو چاوپۆشی دەکرد ولێبووردە بوو.

لە هەقدا بەهێز وبێ هێز لەلای یەکسان بوون.

کلیلی خەزێنەکانی سەر زەوی پێدرا، بەڵام وەری نەگرت ودوارۆژی هەڵبژارد.

حەزی لە بۆنی خۆش دەکرد وڕقی لە بۆنی ناخۆش بوو.

ڕۆنی دەدا لە قژی، وخۆی پێ دەڕازاندەوە، وقژی شانە دەکرد، وتەماشای ئاوێنەی دەکرد.

هەروەها حەزی لە پاکی ددانەکانی بوو، بۆیە یەکەم کاری لە کاتی چوونە ماڵەوەدا بریتی بوو لە پاککردنەوەی ددانەکانی بە سیواك، لە شەوێکدا سێ جار سیواکی بە کار دەهێنا.

---

(٢٦) تەنانەت هەندێك لە زانایان کتێبێکیان لە ئەو بارەوە نووسیووە.

هـەروەها ئـاوڕی بـە هـەموو لاشـەی دەدایـەوە وتـەنها ڕووی وەرنەدەگێڕایەوە.

گاڵتـە ویاریشـی دەکـرد، بـەڵام لـە ڕاسـت زیـاتری نـەدەوت، پێشدەکەنی بەڵام قاقای نەدەکرد.

لە خزمەتی ماڵ ومناڵ وخێزانەکەی خۆیدا بوو، هـەروەك خـۆی ئەفـەرموێ: «خَيْـرُكُمْ خَيْـرُكُمْ لأَهْلِـهِ وَأَنَـا خَيْـرُكُمْ لـأَهْلِي» «باشترینتان باشترینتانە لەگەڵ خێزان وماڵ ومنداڵی خۆیدا، منـیش باشترینتانم لەگەڵ خێزانی خۆمدا»[(٢٧)].

خۆش تەبیعەت بوو، زۆر ڕەخنەی نـەدەگرت، ئەنـەس رَضِيَٱللَّهُعَنْهُ ئەڵێ: «خَدَمْتُ رَسُولَ الله عَشْرَ سِنِينَ، وَاللهِ مَا قال لِي أُفًّا قَطُّ، وَلا قال لِي لِشَيْءٍ لِمَ فَعَلْتَ كَذَا؟! وَهَلاّ فَعَلْتَ كَـذَا؟! [وَلـا عَـابَ عَلَـيّ شَـيْئًا قَطُّ]»[(٢٨)]، «سوێند بەخوا دە سـاڵ خزمـەتی پەیامبـەری خـوام کـرد صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ، هەرگیز ڕۆژێـك لـە ڕۆژان نـەیووت: ئـاخ لەدەسـتت! قەت پێی نەوتم: بۆ واتکـرد؟! بـۆ وات نـەکرد...؟! قـەت ڕەخنـەی لێنەگرتم».

---

(٢٧) أخرجه أبو داود في «سننه» (٤٨٩٩)، والترمذي في «جامعه» (٣٨٩٥)، والدارمي في «مسنده» (٢٣٠٦). وصححه الألباني: «الصحيحة» (٢٨٥).

(٢٨) أخرجه البخاري في «صحيحه» (٢٧٦٨)، ومسلم في «صحيحه» (٢٣٠٩).

خوای پەروەردگار لەبارەی سەرجەم ڕەوشتەکانیەوە ئەفەرموێ: ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ﴾، «بەڕاستی تۆ لەسەر ڕەوشت وئاکارێکی ئێجگار بەرز وگەورەیت ئەی پەیامبەر صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ».

## موعجیزەکانی پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

گەورترین موعجیزەی پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قورئان بوو.

لەوانەی دی: کەرتکردنی سنگی، وهەواڵدانی لەبارەی قودسەوە[(٢٩)]، ودوو کەرتکردنی مانگ[(٣٠)]، وشەکەکەی دایك مەعبەد[(٣١)]، ودوعاکردنی بۆ عومەر رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُ کە خوا ئیسلامی پێ سەر بخات، وبەدی هاتنی[(٣٢)]، ودوعاکردنی بۆ عەلی کە چاوەکانی چاك ببێتەوە، وبەدی هاتنی[(٣٣)]، وهەڵقوڵانی ئاو لە نێوان پەنجەکانیەوە ونزیك هەزار وچوار سەد کەس لێی پاراو بوون[(٣٤)]، ولە ڕۆژی حونەیندا مشتێك خۆڵی کرد بە چاوی نەیارەکاندا خوای

---

(٢٩) أخرجه البخاري في «صحيحه» (٣٨٨٦)، مسلم في «صحيحه» (١٧٠).

(٣٠) أخرجه البخاري في «صحيحه» (٣٦٣٦)، مسلم في «صحيحه» (٢٨٠٠).

(٣١) أخرجه الحاكم في «مستدركه» (٣ / ٩ و١١)، والطبراني في «الكبير» (٣٦٠٥، ٣٠).

(٣٢) أخرجه ابن ماجه في «سننه» (١٠٥)، وابن حبان في «صحيحه» (٦٨٨٢).

(٣٣) أخرجه البخاري في «صحيحه» (٢٤٧٧)، ومسلم في «صحيحه» (١٨٠٢).

(٣٤) أخرجه البخاري في «صحيحه» (٤١٥٢)، ومسلم في «صحيحه».

پەروەردگار بەزانـدنی[٣٥]، وئـەو هەواڵـەی لەگـەڵ سـوڕاقەی کـوڕی مالیکدا ڕوویدا[٣٦]، وچاوەکەی قەتادەی کوڕی نوعمـانی گەڕانـدەوە شوێنی خۆی لە کاتدا کەوتبووە سـەر گۆنـای، جـا ئـەو چـاوەی لـە ساغەکەی چاکتر بوو[٣٧]، ودوعای کرد بۆ عەبدوڵای کوڕی عـەبباس بۆ تێگەیشتن لە دین ولە تەفسیر، بە دیشهات[٣٨]، ودوعای کـرد بـۆ وشترەکەی جابر، ئەوەبوو کەوتە پێش هەموویانەوە لـە کاتێکـدا لـە دوای هەموویانەوە بوو[٣٩]، ودوعای بەرەکەتی کـرد بـۆ خورماکـەی ئەوەبوو هەموو قەرزەکانی پێدایەوە وسیانزە ویسقیشـی مایـەوە[٤٠]، ودوعای کرد بۆ ئەنەس بە زۆربوونی ماڵ ومنـداڵی وتەمـەنی وهـەر واش بوو[٤١].

هەروەها دوعای بارانی کرد بۆ ماوەی یەك هەفتە بەردەوام بـوو بە ڕادەیەك خەڵك هاتن داوای وەستانەوەیان کرد، ئەویش داوای کـرد

---

(٣٥) أخرجه مسلم في «صحيحه» (١٧٧٧).

(٣٦) أخرجه البخاري في «صحيحه» (٣٩٠٨)، مسلم في «صحيحه» (٢٠٠٩).

(٣٧) أخرجه أبو يعلى في «مسنده» (١٥٤٩)، والطبراني في «الكبير» (١٢، ١٣).

(٣٨) أخرجه البخاري في «صـحيحه» (١٤٣)، ومسـلم فـي «صـحيحه» (٢٤٧٧). وبعضـه الآخر أخرجه: الحاكم في «مستدركه» (٣/٥٣٤).

(٣٩) أخرجه البخاري في «صحيحه» (٢٧١٨)، ومسلم في «صحيحه» (٧١٥).

(٤٠) أخرجه البخاري في «صحيحه» (٢٧٠٩).

(٤١) أخرجه البخاري في «صحيحه» (٦٤٣٣).

ووەستایەوە[١]، ولە نـاو دەسـتیدا خـواردن تەسـبیحاتی کـردووە[٢]، ووشتر سکاڵای کەم ئاڵفی وزۆری کارپێکردنی لە لادا کردووە[٣]، ولە ولە جەنگی خەندەقـدا بـە خـواردنێکی چـەند کەسـی نـانی هـەزار کەسیدا[٤].

هەروەها باسی هەر شتێکی نادیاری بکردایە، بەو شێوەیەی ئەو باسی دەکرد پێشدەهات[٥]، وباسی شوێنی مردنـی سـەرانی کـوفری کرد لە جەنگی بەدردا، ڕێك بە ئەو شێوازە دەرچوو[٦]، وباسی ئەوەی ئەوەی کرد کە کۆمەڵێ لە ئوممەتەکـەی لـە ڕێگـەی دەریـاوە غـەزا دەکـەن، وئـوم حـەڕامی کچـی میلحـانیش لەوانەیـە، هـەر واش دەرچوو[٧]، ومژدەی بەهەشتی دا بە عوسمـان لەگـەڵ بەڵایەکـدا کـە تووشی دێت[٨]، وبە ئەنصـاری فـەرموو دوای خـۆی چـیان بەسـەردا

---

(١) أخرجه البخاري في «صحيحه» (١٠١٣)، ومسلم في «صحيحه» (٨٩٧).

(٢) أخرجه البخاري في «صحيحه» (٣٥٧٩).

(٣) أخرجه أحمد في «مسنده» (١٢٨٠٩)، والبـزار فـي «مسـنده» (٦٤٥٢)، والنسـائي فـي «الكبرى» (٩١٠٢).

(٤) أخرجه البخاري في «صحيحه» (٤١٠٢)، ومسلم في «صحيحه» (٢٠٣٩).

(٥) ئەو شتانەش زۆر زۆرن.

(٦) أخرجه مسلمٌ «صحيحه» (٢٨٧٣).

(٧) أخرجه البخاري «صحيحه» (٢٧٨٩)، ومسلم في «صحيحه» (١٩١٢).

(٨) أخرجه البخاري «صحيحه» (٣٦٧٤)، ومسلم في «صحيحه» (٢٤٠٣).

دێت، هەر واش بوو[1]، وباسی حەسەنی کچەزای کرد کە خوا بە هۆیەوە صوڵح دەخاتە نێو دوو کۆمەڵی گەورەی موسڵمانانەوە[2].

وپیاوێك بە دەستە چەپی خواردنی دەخوارد، پێی فەرموو: بە دەستە ڕاست بخۆ، لە لووتبەرزی وفیزدا وتی: ناتوانم! فەرمووی: دەك هەر نەتوانی، ئەوەبوو دەستی کابرا گۆج بوو[3].

هەروەها کە دەشتیەکیەك داوای بەڵگەی لە پەیامبەر کرد، ئەویش فەرمووی: ئەو دارە شاهیدە، بانگی دارەکەی کرد، دارەکەش هات وشایەتیدا، سێ جار شایەتیدا، پاشان گەڕایەوە جێگاکەی خۆی[4]، وبانگی دوو داری کرد کۆبوونەوە وپاشان جیابوونەوە[5].

وئەیفەرموو: «دارێك لە مەککەدا دەناسم پێش پەیامبەرایەتی سەلامی لێدەکردم»[6]، ودار خورمایەك لە بۆ شەوقی ئەو نازدارە دەستی کرد بە نوزە نوز وەکو لە بوخاریدا هاتووە[7].

---

(١) أخرجه البخاري «صحيحه» (٢٣٧٧)، ومسلم في «صحيحه» (١٠٦١).

(٢) أخرجه البخاري «صحيحه» (٢٧٠٤).

(٣) أخرجه مسلم «صحيحه» (٢٠٢١).

(٤) أخرجه ابن حبان في «صحيحه» (٦٥٠٥)، والدارمي في «مسنده» (١٦)، وأبو يعلى في «مسنده» (٥٦٦٢)، والطبراني في «الكبير» (١٣٥٨٢).

(٥) أخرجه مسلم في «صحيحه» (٣٠١٤).

(٦) أخرجه مسلم في «صحيحه» (٢٢٧٧).

(٧) أخرجه البخاري في «صحيحه» (٩١٨).

توخخوا دار خورمايەك دەگرى، كە دەبينىٚ خۆشەيست لێى دوور دەكەوێتەوە. ئەی ئێمە بۆ نەگرين وموشتاقى بينينى ئەو پەيامبەرە خۆشەويستە نەبين صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە ڕۆح ماڵ ومناڵمەوە بە فيداى بم.

ڕووەكەكانيش موشتاقى ئەون. تەنانەت بەردەكانيش وەك خۆى دەفەرمویٚ: «بەردێك هەيە لە مەككە ئێستاش دەيناسمەوە سەلامى لێدەكردم پێش ڕەوانەكردم»، تەنانەت شاخەكانيش، هەروەك خۆى ئەفەرمویٚ: «أُحُدٌ، جَبَلٌ يُحِبُّنَا وَنُحِبُّهُ»[1]، «ئوحود شاخێكە ئەو خۆشى دەوێين وئێمەش خۆشمان دەویٚ».

خوايە لە بۆ خاترى ناوە جوانەكانت، داوات لیٚ دەكەين بە ناوە مەزنەكەت كە ئەگەر داوات لیٚ بكریٚ پێى وەڵام دەدەيتەوە وئەگەر دەستت بۆلا بەرز بكرێتەوە پێى ڕەدى ناكەيتەوە، پەيامبەر صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بكەرە شەفاعەتكار بۆمان، لە خواردنەوەى ئاوى كەوسەر لەسەر حەوزەكەى بیٚ بەشمان مەكە. آمين.

تا كۆتايى موعجيزەكانى كە ئەمە مشتێك بوو لە خەرمانێك.

---

(١) أخرجه البخاري في «صحيحه» (١٤٨٢)، ومسلم في «صحيحه» (١٣٩٢).

## فەزڵ وپایەی پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

لە جابری کوڕی عەبدوڵڵاوە رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمَا ئەڵێ: پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموی: «أُعْطِيتُ خَمْسًا لَمْ يُعْطَهُنّ أَحَدٌ قَبْلِي، نُصِرْتُ بِالرُّعْبِ مَسِيرَةَ شَهْرٍ، وَجُعِلَتْ لِي الأَرْضُ مَسْجِدًا وَطَهُورًا، فَأَيُّمَا رَجُلٍ مِنْ أُمّتِي أَدْرَكَتْهُ الصّلَاةُ فَلْيُصَلِّ، وَأُحِلّتْ لِي المَغَانِمُ، وَلَمْ تَحِلّ لِأَحَدٍ قَبْلِي، وَأُعْطِيتُ الشّفَاعَةَ، وَكَانَ النّبِيُّ يُبْعَثُ الى قَوْمِهِ خَاصّةً وَبُعِثْتُ الى النّاسِ عَامّةً» «پێنج شتم پێ بەخشراوە بە هیچ پەیامبەرێکی پێش من نەبەخشراوە: لە دووری یەك مانگ ڕێگاوە ترسم خراوەتە دڵی دوژمنمەوە، وهەموو زەویم بۆ کراوە بە مزگەوت وپاککەرەوە، جا هەرکەسێك لە ئومەتەکەم لەهەر کوێیەك بوو گەیشتە نوێژە با نوێژی خۆی بکات، وغەنیمەتم بۆ حەلاڵ کراوە وپێش من حەلاڵ نەبووە، وشەفاعەتم پێدراوە، وپەیامبەران بە تایبەتی بۆ گەلەکەیان ڕەوانە کراون، بەڵام من بۆ گشت مەردووم ڕەوانە کراوم»(١).

هەروەها ئەفەرموێ: «[أَنَا أَوّلُ النّاسِ يَشْفَعُ فِي الجَنّةِ]، أَنَا أَكْثَرُ الأَنْبِيَاءِ تَبَعًا يَوْمَ القِيَامَةِ، وَأَنَا أَوّلُ مَنْ يَقْرَعُ بَابَ الجَنّةِ»(٢). «من یەکەم

---

(١) أخرجه البخاري في «صحيحه» (٣٣٥، ٤٣٨، ٣١٢٢)، ومسلم في «صحيحه» (٥٢١).

(٢) أخرجه البخاري في «صحيحه» (٤٤، ٤٤٧٦، ٦٥٦٥)، ومسلم في «صحيحه» (١٩٣).

کەسم شەفاعەت دەکەم، ومن زۆرترین شوێنکەوتوم هەیە لە ڕۆژی دوایدا، ومن یەکەم کەسم کە لە دەرگای بەهەشت دەدەم».

هەر لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَٱللَّهُعَنۡهُ ئەڵێ: پەیامبەری خوا صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ فەرمووی: «أَنَا سَيِّدُ وَلَدِ آدَمَ يَوْمَ القِيَامَةِ وَلا فَخْرٌ، وَأَوَّلُ مَنْ تَنْشَقُّ عَنْهُ الأَرْضُ وَلا فَخْرٌ، وَأَوَّلُ شَافِعٍ وَمُشَفَّعٍ». «من گەورەی کوڕەکانی ئادەمم لەڕۆژی قیامەتدا، ومن یەکەمین کەسێکم کە قەبرەکەی لەسەر شەق دەبێت ودێتە دەرەوە، ومن یەکەمین شەفاعەتکار ویەکەمین کەسم کە داوای شەفاعەت کردنم لێ دەکرێت»[1].

## ژیان وپەرستشی پەیامبەری خوا صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ

عائیشە ڕەزای خوای لێ بێت ئەڵێ: «أَنَّ نَبِيّ الله صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ كَانَ يَقُومُ مِنْ اللّيْلِ حَتّى تَتَفَطّرَ قَدَمَاهُ، فَقالتْ عَائِشَةُ: لِمَ تَصْنَعُ هَذَا يَا رَسُولَ الله صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ، وَقَدْ غَفرَ الله لَكَ مَا تَقَدّمَ مِنْ ذَنْبِكَ وَمَا تَأَخّرَ؟! قال: أَفَلَا أَكُونَ عَبْدًا شَكُورًا؟» «پەیامبەری خوا صَلَّىٱللَّهُعَلَيۡهِوَسَلَّمَ بەشەو هەڵدەستا وشەو نوێژی دەکرد، هەتا پێکانی هەڵدەئاوسا وشەقیان دەبرد، عائیشە وتی: قوربان بۆ ئاوها ئەکەی، مەگەر خوا

---

(١) أخرجه الترمذي في «جامعه» (٣١٤٨، ٣٦١٥)، وابن ماجه في «سننه» (٤٣٠٨)، وأحمد في «مسنده» (١١١٤٣)، وأبو يعلى في «مسنده» (١٠٤٠).

له تاوانەکانی ڕابردو وداهاتووت خۆش نەبووە؟! ئـەویش فـەرمووی: ئەی نابێت بەندەیەکی سوپاسگوزار بم؟»[1].

ونوێژی درێژ بوو وتاری کـورت بـوو. دوو شـەممە وپێـنج شـەممە وسیانزە وچواردە وپانزەی هەموو مانگێکی هیلالی بە ڕۆژوو دەبوو. جاری وا هەبوو ئەوەندە ڕۆژووی دەگرت دەیانوت: ئیتر نایشـکێنێت، جاری واش هەبوو ڕۆژووی نەدەگرت، ئەیانوت: ئیتر ڕۆژی ناگرێت.

هەروەها لە عائیشەوە ڕەزای خوای لێ بێت دەڵێت: «كَانَ فِرَاشُ رَسُـولِ الله صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مِـنْ أَدَمٍ، وَحَشْـوُهُ مِـنْ لِيـفٍ» «ڕاخەرەکـەی پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە پێسـت بـوو، ناوەکـەی لـە لیـف بو»[2]. لیف: کرۆکی دار خورمایە کە دەکەوێتە تەنیشتی سەعەفەوە.

لـە ئـیبن عومـەرەوە رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ ئـەڵێ: «بـەو دوو چـاوەی خـۆم پەیامبەری خوام صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بینی لە برسـێتیدا سـکی پـل دەدا، خورما گەنیوێکیشی دەست نەدەکەوت بیخوات»[3].

ئاوها ژیا لەم دنیایەدا وئاوهای گوزەراند، هیچ زیانێکیشی پـێ نەگەیاند، لە کاتێکدا گەورە وسەرداری هەموو پەیامبەرانە سـەڵات وسەلامی لەسەر سەرجەم پەیامبەران.

---

(١) أخرجه البخاري في «صحيحه» (٤٨٣٧)، ومسلم في «صحيحه» (٢٨٢٠).
(٢) أخرجه البخاري في «صحيحه» (٣٠٩٧، ٦٤٥١، ٦٤٥٦)، ومسلم في «صحيحه» (٢٠٨٢).
(٣) أخرجه مسلم في «صحيحه» (٢٩٧٧).

سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە لە ئوممەتی ئەوی گێڕاین، داواکـارین لە خوای گەورە لەسەر قورئان وسوننەتەکەی ئـەو حەشـرمان بکـات ولەگەڵیا کۆمان بکاتەوە.

## لە گرنگترین ڕووداوەکانی ژیانی پەیامبەری خوا ﷺ

**ساڵی یەکەم:** کۆچکردن بۆ مەدینەی مونـەوەرە، دروسـتکردنی مزگەوت، برایەتی خستنە نێوان موهاجیرین وئەنصـارەوە، هەسـتان بە دروستکردنی دەوڵەت، فەرزبونی زەکات.

**ساڵی دووەم:** جەنگی بەدری گەورە، لەم شـەڕەدا خـوای گـەورە موسڵمانانی سەر بەرز کرد وبێ باوەڕانی سەرشۆڕ کرد.

**سـاڵی سـێیەم:** جـەنگی ئوحـود، لـەم جەنگـەدا بێبـاوەڕان سـەرکەوتن، ئەمـەش بـەهۆی بەقسـەنەکردنی پەیامبـەرەوە ﷺ لە لایەن هەنـدێك لـە تێکۆشـەرە موسـڵمانەکانەوە، دەرچوون لەو تەعلیماتەی کە پەیامبەر ﷺ پێی دابـوون، وچاویان بڕیە دەستکەوتی جەنگەکـە، بۆیـە سـەنگەریان چـۆڵ کـرد وئەوانیش ئەمەیان قۆستەوە ولەپشتەوە پەلاماریاندا وسەرکەوتن.

ئەوەش لە دەرەنجامەکانی خۆشەویسـتی دونیـا ودەرچـوونە لـە ڕێنماییەکانی پەیامبەر ﷺ.

**ساڵی چوارەم:** غەزای بەنی نەزیری جولەکــە، ئەمــەش بــەهۆی پەیمان شکاندنیانەوە بوو -کە خویان پێوە گرتــووە وپــەیمان شــکاندن ووەعد بەسەر نەبردن بووە بە پیشە وپێناسەیان-، بۆیــە پەیامبــەری خوا ﷺ فەرمانی کرد خێڵی نەزیر لە مەدینە دەربکرێن.

**ساڵی پێنجەم:** غەزای بەنی موصتەلیق «مورەیسیع»، جەنگی ئەحزاب، غەزای بەنی قورەیزە ڕویدا.

**ساڵی شەشــەم:** صــولحی حودەیبیــە، هــەر لــەم ساڵەشــدا بــە تەواوەتی مەی حەرام کرا، هەروەها یەکەم عومرەی ئەنجامدا.

**ســاڵی حەوتــەم:** ئــا لــەم ســاڵەدا پەیامبــەر ﷺ وهاوەڵانی ڕۆیشتنە نێو مەککەوە وعومرەیــان ئەنجامــدا -کــە دوەم عومرەیەتی-، هەر لەم ساڵەشدا بوو پەیامبەری خــوا ﷺ غەزای خەیبەری کرد وصەفیەی کچی حویەی هێنا.

**ساڵی هەشتەم:** جەنگی موئتەی نێوان موســوڵمانان وڕۆمــەکان ڕویدا، هەروەها فەتحی مەککە، هــەروەها غــەزای حونــەین لــە دژی خێڵەکانی هەوازن وسەقیف.

**ساڵی نۆیەم:** جەنگی تەبوك، کە کۆتا جەنگی ڕەسولی خوا بوو ﷺ، لەم ساڵەشدا وەفدەکان پۆل پۆل دەهاتن بۆ خزمــەتی پەیامبــەری خــوا ﷺ وموســڵمانان بــوونی خۆیــان

ڕادەگەیاند، خەڵك بە لێشاو دەهاتنە نێو ئیسلامەوە، هەر بۆیە ئەم ساڵە ناونرا بە ساڵی وەفدەکان.

**ساڵی دەیەم:** حەجی ماڵئاوایی، کە زیاد لە سەد هەزار موسڵمان لەگەڵ پەیامبەری خوا ﷺ حەجیان کرد.

## وەفاتکردنی پەیامبەری خوا ﷺ

پەیامبەری خوا ﷺ، لە چێشتەنگای ڕۆژی دووشەمەی مانگی ڕەبیعولئەوەلدا، دوای چواردە ڕۆژ لە نەخۆشی، لە تەمەنی شەست وسێ ساڵیدا، پەیامبەرمان، خۆشەویستمان، سەردارمان، سەروەرمان، نوری چاومان[1] ﷺ وەفاتیکرد، ولە شەوی چوار شەممە بە خاك سپێردرا.

چل ساڵی پێش پەیامبەرایەتی، وبیست وسێ ساڵیش دوای پەیامبەرایەتی. ئەم بیست وسێ ساڵەش، سیازدەی لە مەککە ودە ساڵەکەی تریشی لە مەدینە بوو، سەلات وسەلامی خوا لەسەر پەیامبەر وخانەوادە وهاوەڵەکانی وشوێنکەوتوانی وخۆشەویستانی تا ڕۆژی دوایی. کاتێکیش گەیشتە سەرە مەرگ، قاپێك ئاوی لەلادا بوو، ئەویش دەستی تێدەکرد ودەموچاوی دەسڕی ودەیفەرموو: خوایە

(١) کە ئەڵێم: نوری چاومان، بەڕاستی نوری چاومانە، ئێمە کوێر بووین بە دینەکەی ئەو بەرچاومان ڕۆشنەوە بوو.

یارمەتیم بدەیت لەسەر نارەحەتیەکانی مردن. فاتیمەش وتی: ئای لە بۆ نارەحەتی باوکم کە بە هۆیەوە منیش نارەحەتم[٢]، ئەویش فەرمووی: لە ئەمڕۆ بە دواوە ئیتر باوکت نارەحەتی لەسەر نامێنێت.

## وەسیەتەکانی پەیامبەری خوا ﷺ لە دوا ساتەکانی تەمەنیدا

- لەگەڵ ئافرەتان باش بن وئامۆژگاری چاکیان بکەن.
- ئێوە هەقتان هەیە بەسەریانەوە وئەوانیش هەقیان هەیە بەسەرتانەوە.
- دەست بگرن بە قورئان وسوننەتەوە.
- لەگەڵ ئال وبەیتەکەم چاك بن.
- نوێژەکانتان زایە مەکەن.
- گۆڕەکەم مەکەن بە مزگەوت.
- خوێن وماڵتان لەسەر یەکتر حەرامە.
- وریای شەیتان بن جیاوازی دەخاتە نێوانتانەوە...

تا کۆتایی وەسیەتە زێڕینەکانی ﷺ.

❊ ❊ ❊

---

(٢) ينظر: «الإفصاح عن معاني الصحاح» (٣٠٦/٥)، و«صحيح البخاري» (٤٤٦٢).

## له كۆتاییدا

هەر هەق وصەوابێکی تێدابوو، ئەوە لە خوای پاك وپیرۆزەوەیە، هەر هەڵە وکورتییەکیشی تێدابوو کە تێشیدایە، ئەوە لە خۆم وشەیتانەوەیە، خوا وپەیامبەرەکەی صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لێی بەریئن.

*** 

## ئیجازە پێدان بە ئەم کتێبە[٣]

سَمَعَ عَلَيّ: .......................................................[٤]، كِتَاب: «اِعْـرِفْ نَبِيّــك» بِاللُّغَــةِ الكُرْدِيّــةِ، بقــراءة: ...........................[٥]، صَــاحِبُنَا: ......................................................................................[٦]، فَــتَمّ لَــه ذَلِـك فِــي: ........................[٧]، بِالمِيعَادِ الْمُثْبَتِ فِي مَحَلّه مِنْ نُسْخَتِهِ.

وَأَجَزْتُ لَهُ رِوَايَتَه عَنّي؛ إِجَازَةً خَاصّةً مِنْ مُعَـيّنٍ لِمُعَـيّنٍ فِـي مُعَيّنٍ، وَالْحَمْدُ لله رَبّ العَالَمِينَ.

صَحِيحٌ ذَلِكَ

وَكَتَبَهُ: أَبُو عَبْدِ اللهِ عَلِيُّ بْنُ مُحَمّدِ بْنِ عَلِي خَان

يوم / ليلة: ............، من شهر: ........ سنة: ............

في: ...............................، بمدينة: ...............................

---

(٣) مەرجی ئیجازەدان بە ئەم کتێبە ئەوەیە، یان بیخوێنێت بەسەر نووسەردا، یـان کەسێك بەسەر خانەوادەکەی خۆیدا بیخوێنێتەوە یان بە وانە پێبانی بلێتەوە.

(٤) لێرەدا ئەندازەی بیستنەکەت دەنووسی، بۆ نموونە: جمیع، یان نصف...

(٥) لێرەدا شێوازی وەرگرتنەکە دەنووسی، لە دەم شێخەکە بیستووتە یـان کەسـێك بەسەریدا خوێندوویەتی یان...

(٦) لێرەدا ناوی خۆت دەنووسی...

(٧) لێرەدا ژمارەی مەجلیسەکان دەنووسی، بۆ نموونە: دوو مەجلس بوو یان دە ...

# پێڕست

**پێشەکی چاپی حەوتەم** .................................. ٥
**پێشەکی** .................................................. ٧
**بەشی یەکەم** ............................................ ١٥
سەرکەوتن بۆ شوێنکەوتوانی پەیامبەرە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ .......... ١٥
چەند مژدەیەك لە قورئانەوە کەوا سەرکەوتن هەر بۆ ئیسلامە... ١٥
بۆ زۆر دژایەتی جەنابی رسول الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەکرێ؟!........ ١٨
ئەگەر پەیامبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە ناکاو دای لە دەرگای یەکێکمان!؟
....................................................... ٢٠
**بەشی دووەم** ............................................. ٢٩
پلە وپایەی پەیامبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ........................ ٢٩
خوای مەزن بانگی پەیامبەر ناکات بە: «ئەی محمد ﷺ!» .......... ٢٩
ستایشی خوای مەزن بۆ پەیامبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ .......... ٣١
دڵسۆزی پەیامبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ ئوممەتەکەی ووەفای ئوممەتەکەی
لە ئاست دڵسۆزیەکەی ................................ ٣٣
مافەکانی رسول الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە سەرمانەوە .............. ٣٥
**بەشی سێیەم:** ............................................ ٥١
ناوی پەیامبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ........................ ٥١

ناوەکانی پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ..................... ٥١
پاکێتی ڕەگەز وڕەچەڵەکی پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ........ ٥٣
لە دایکبوونی پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.................. ٥٤
شیرخواردنی پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ..................... ٥٥
کەرتکردنی سنگی پیرۆزی پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ........ ٥٦
گەڕانەوەی پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ لای دایکی ......... ٥٦
بۆ لای باپیری ................................... ٥٧
بۆ لای مامی.................................... ٥٨
ژنهێنانی پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ..................... ٥٨
پاراستنی پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە شتە خراپەکانی نەفامی
.................................................. ٦٠
قورەیش کۆکن لەسەر ڕێزداری پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێش
بوونی بە پەیامبەر.................................. ٦١
ژنهێنانی دوای خەدیجە ............................ ٦٢
منداڵەکانی پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ..................... ٦٤
گوزەرێکی خێرا بە ژیانی شەریفی پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ .... ٦٥
بوونی بە پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ..................... ٦٥
بانگەواز لە سەرەتاوە نهێنییە........................... ٦٨
بانگەواز ئاشکرا دەکرێت ............................ ٦٩

ئابلۆقەدان بۆ ماوەی سێ ساڵ.......................... ٧١
ساڵی دڵتەنگی ............................. ٧٢
ئێش وئازار زۆر دەبێ وكۆچ بەرەو حەبەشە دەكرێت ........... ٧٣
بەزەیی وڕەحمەتی پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ ئوممەتەكەی.. ٧٤
ئیسرا ومیعراج .............................. ٧٦
هەردوو عەقەبەكە ............................. ٧٧
كۆچكردن بەرەو مەدینە .......................... ٧٨
دروستكردنی مزگەوت ........................... ٧٨
برایەتی خستنە نێوان كۆچبەران وسەرخەران .................. ٧٨
دەستووری مەدینە ............................. ٧٩
ڕێگە بە جیهادكردن دەدرێت......................... ٧٩
جەنگەكان.................................. ٨٠
حەج وعومرەكانــی ............................. ٨١
ڕوخسار وشێوازی پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ .............. ٨٢
ڕەوشتی پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ .................. ٨٣
موعجیزەكانی پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ................ ٨٩
فەزڵ وپایەی پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ................ ٩٤
ژیان وپەرستشی پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ .............. ٩٥
لە گرنگترین ڕوداوەكانی ژیانی پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ... ٩٧

وەفاتكردنی پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ..................... ٩٩
وەسیەتەكانی پەیامبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە دوا ساتەكانی
تەمەنیدا ........................................ ١٠٠
لە كۆتاییدا ....................................... ١٠١
ئیجازەپێدان بە ئەم كتێبە ............................. ١٠٢
پێڕست ............................................ ١٠٣

❊ ❊ ❊

وصل اللّٰهُمَّ على محمد وآله وصحبه، والحمد لله رب العالــمين.